دابینکردنی مافه نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتـانی ئێـران

ژمارە ٦٨١، پێنج شەممە، ٣١ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، ٢١ی ژوئیەی ٢٠١٦، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

## پەیامی هاودەردیی بەڕێزمستەفا هیجری بۆ بەڕیز فرانسوا ئۆلاند

سەبارەت بە مەحکووم‌کردنی کردەوەی تێرۆریستیی شەوی ١٤ی ژوئیەی ٢٠١٦ی زایینی لە شاری نیس

بەڕێز جەنابی سەرکۆمار!

بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، ئەو کردەوە تێرۆریستی و جینایەتکارانەی کە شەوی ١٤ی ژوئیەی ٢٠١٦ی زایینی و لە کاتی بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی جێژنی نەتەوەیی فەڕانسە کە لە شاری نیس ڕووی‌دا و بووە هۆی ئەوەیکە لانیکەم ٨٤ کەس بکوژرێن و دەیان کەس بریندار بن، بە توندی مەحکووم دەکەین.

ئەو کردەوە تێرۆریستییە، بێ‌گومان کردەوەیەکە دژی مرۆڤایەتی و دژی ئاشتی و ئازادی. لەو ساتە سەخت و خەفەتبارەدا، ئێمە کە خۆمان قوربانیی تێرۆریزمی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بووینە و هەین، خۆمان شان بە شانی نەتەوە و دەوڵەتی فەڕانسە لە شەڕ دژی تێرۆریزم دەزانین و لێرەدا لە قووڵایی دڵەوە سەرەخۆشیی خۆمان بە قوربانیانی ئەو جینایەتە سامناک و دژە مرۆییە ڕادەگەیەنین و هاوسۆزیی خۆمان بۆ نەتەوە و دەوڵەتی فەڕانسە دەردەبڕین.

وێڕای ڕێز و حورمەت

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مستەفا هیجری

١٥ی ژوئیەی ٢٠١٦ی زایینی



کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ پشتیوانیی لە...

٤



ئێران، دیکتاتۆریی ئێوخۆیی و...

٦



کرماشان، دێموکرات، داهاتوو

٨



حیزبی دێموکرات لە هەر هەلومەرجێکدا...

١٠

# دەنگی شار و شاخ یەکیان گرتەوە




خەڵکی مافویست و خەباتکاری کوردستانی ئێران لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا، بە داخستنی بازاڕ و دوکانەکان وەڵامی ئەرێنییان بە بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەمەڕ مانگرتنی گشتی دایەوە.

بەپێی ڕاپۆرتە نێردراوەکان بۆ ماڵپەڕی کوردستان میدیا، خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا، ڕۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە دوای بانگەوازی مانگرتنی گشتی، دوکان و بازاڕەکانیان داختسووە.

بەپێی ئەو ڕاپۆراتانەی بەدەست ماڵپەڕی کوردستان میدیا گەیشتووە، شارەکانی سەقز، سنە، کامیاران، بۆکان، پاوە، کرماشان، بانە، دیواندەرە، سەردەشت، سەوڵاوا، نەغەدە، پیرانشار، مەهاباد، شنۆ، مەریوان و ورمێ، دوکان و بازاڕیان داخستووە و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ حیزبی دێموکرات و شەهیدان نوێ کردەوە.

بەرپرسانی ئیدارەی ئەماکنی ڕێژیمی ئێران لە شاری سەقز، هەڕەشەیان لە دوکانداران و بازاڕییان کردووە کە نابێ مانگرتن بەڕێوە بەرن. هەروەها ڕێژیمی ئێران لە ڕێگای ئۆرگانەکانی دیکەی سەرکوتکەری وەکوو ئیتلاعات و سپا، هەڕەشەی تایبەتی لە زۆربەی ئەو کەسانە کردووە کە پەروەندەیەکی سیاسیان هەیە، یان کەسێکیان سیاسیە، کە بە هیچ شێوەیەك نابێ هەوڵ بدەن ئەو مانگرتنە سەر بکەوێ. ئەم هەڕەشانە بە شێوەی سەردان کردن، بانگهێشت کردن و پێوندی لە ڕێگای تەلەفۆنەوە بووە.

لە کرماشان، بەکرێگیراوانی ڕێژیم بە هەڕەشە کردن و شکاندنی قوفڵ و شیشەی دوکانەکان، هەوڵیان داوە پێش بە بەرین بوونەوەی مانگرتنەکە بگرن.

ڕێژیمی ئێران لە شاری شنۆ تەلەفۆن بۆ دوکانداران دەکات و بە زۆر دوکانەکانیان پێ دەکاتەوە .هەروەها لە شارەکانی ورمێ و مەهاباد و مەریوانیش خەڵک وەڵامی بانگەوازی حیزبی دێموکراتیان لەمەڕ مانگرتنی گشتی داوەتەوە و خەڵک پێشوازییان لە بانگەوازی حیزبی دێموکرات کردووە .لە شاری پیرانشاریش بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران هەڕەشەیان لە خەڵک و دوکانداران کردووە کە نابێ دوکان و بازاڕ دابخەن. بەپێی ڕاپۆرتەکان ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران لە دزەی مەرگەوەڕی ورمێ، وێنەی ئەو دوکانانەی کە داخراونیان گرتووە. هەروەها هێڵی ئینتێرنێت لە شارەکانی کوردستان یا پچڕاوە یان زۆر لاوازە. هەواڵنێرانی کوردستان میدیا لە شارەکانی سنە، کرماشان، پاوە، پیرانشار، مەهاباد، سەقز، بۆکان، شنۆ، مەریوان، کامیاران و ورمێ، ڕایانگەیاند کە ڕێژیم هێزی زۆری لە نێو شارەکان جێگیر کردووە و لە هەر ماشین و کەسێک کە بەگومان بن دەپرسنەوە و کەشی نێو شارەکانی کوردستان بەتەواوی ئەمنیەتی و میلیتاریزە کراوە.

هەروەها هەواڵنێرانی کوردستان میدیا ڕایانگەیاند کە لە زۆر گوندی کوردستان و بەتایبەت گوندەکانی وەکوو نییەر و تەنگیسەر و بۆڕیەر، وێڕای بڵاوکردنەوەی دروشم و تراکتی تایبەت، خەڵک بەتەواوی مانیان گرتبوو. سەرکەوتنی خەڵک و بزووتنەوەی کوردستان لەم مانگرتنە سەرتاسەرییە دژ بە ڕێژیمی کاولکاری تاران، پەیامێکی ئاشکرا بۆ دۆست و دوژمنان بوو کە دەنگدانەوەیەکی بەربڵاوی لە کۆڕە سیاسییەکان و ڕاگەیەنە جیهانی و ناوچەییەکانی بەدوای خۆیدا هێنا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێک ڕوو لە خەڵکی کوردستان، وێڕای سپاس و پیرۆزبایی بەبۆنەی ئەم سەرکەوتنە، ڕێزی لە ئیرادە و خۆڕاگری و هاوپێوەندییان لەگەڵ خەباتی شاخ بۆ دابین کردنی ماف و ئازادییەکانیان گرت. دەقی تەواوی ئەم پەیامە لە لاپەڕە ٥ی ئەم ژمارەی کوردستاندا خراوەتە بەرچاوی ئێوەی خۆشەویست.

## پەیڤ

### ڕێژیم تەزی

کەریم پەرویزی

لەم چەند ڕۆژ و حەوتووی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامیی تیرۆریست، هەوڵ و پەلەقاژەی زۆری دا کە وا لەنێو بیرکردنەوە و ڕای خەڵکدا دووبارە جێی بخاتەوە کە کێشەیەک بەناوی کێشەی کورد لە ئێران بوونی نیە و ئەو هەراوهوریایەی حیزبی دێموکرات دروستی کردووە، شتێکی ڕووکەش و بێ‌بناغەیە و خەڵکی لەگەڵ نیە و بە چەند تۆپ و هەڕەشە و چاوسوور کردنەوە، کۆتایی دێ.

لەم بارەوە پڕوپاگەندەی زۆری کرد و درۆ و بوختانی وەک هەمیشە زۆری هەڵبەست، بەڵام لە دوو ڕەهەندەوە خودی کۆماری پەت و سێدارە لە هەموو کەس باشتر دەزانێ کە شکستی گەورەی خوارد:

یەکەم ڕەهەندی خەبات لە شاخ:

- وای دەنواند کە پرسی کورد بۆ هەمیشە بێدەنگ بووە و حیزبەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەرەو فەوتانی کۆتایی دەڕۆن و هیچیان بەسەر هیچەوە نەماوە. بەڵام وای لێ هاتووە کە ئەوەندەیان ترس لە حیزبەکانی کوردستان و حیزبی دێموکرات لێ نیشتوە، کە هەر ڕۆژە و یەکێکیان هەڕەشە دەکا.

- لە شنۆ و کۆساڵان خودی ڕێژیم و سوپا تیرۆریستەکەی چاک دەزانن چەند تەڵەفاتیان داوە و چ شکستێکی ئابرووبەرانەیان خواردووە، بەڵام لە تەڵەفاتەکە زیاتر، ئەو هێزانەی سەر بەڕێژیم کە ساڵانێکە بەخێویان دەکا و لە ڕۆژی شەڕدا ئامادە نەبوون لەگەڵ پێشمەرگە شەڕ بکەن و سوپا دەستبەسەری کردوون، خۆی گەورەترین شکستی نیزامیە بۆ سوپای تیرۆریستی پاسداران.

- خاڵەکانی دیکەی ئەم ڕەهەندە بۆ کاتێکیتر

دووهەم، ڕەهەندی خەبات لە شار:

- وەک هەمیشە و زۆر خاڵی دیکە، ڕێژیم وای دەنواند کە کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتەواوی تەسلیمی کۆماری ئیسلامی بووە و وەک فەرماندە درۆزنەکەی سوپا لە تلویزیۆنی ڕێژیم لە سنە دەیوت کە فەرماندەی پێشمەرگەکانی دێموکرات نووسیویە خەڵک لەگەڵ ئێمە نین و لەگەڵ ڕێژیمن، بەڵام هەر خودی ڕێژیم باش دەزانێ کە چەندە ژن و منداڵ و خەڵکی ئاسایی بە هانای پێشمەرگەوە چوون و چ لەخۆبردوویی و گیانفیداییەکیان کردووە، کە ڕێژیم لەداخان دەستی داوەتە ڕەشبگیری.

- ڕێژیم وای دەزانی بە چەند تۆپ و کاتیووشا و خومپارە، کورد و کوردستان چاوترسێن دەبێ، بەڵام لە

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی سەبارەت بە شەهید بوونی کاوە جەوانمەرد و سەرکەوت سەمەدی

پاش دە ڕۆژ تێپەڕبوون لە تێکهەڵچوونەکانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٥ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە نێوان هێزە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کێوی کۆسالان لە ناوچەی سەولاوا کە کوژران و بریندار بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە بەکرێگیراوانی ڕێژیمی لێکەوتەوە، پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتیش بە دانی ٣ شەهید داستانێکی دیکەیان لە حەماسە و خۆڕاگری تۆمار کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، ٢ پێشمەرگەی هەڵبڕاو لە تیمی شەڕەکەی کۆسالان و بە دوورکەوتنەوە لە شوێنی شەڕەکە و جێگیربوونیان لە نێزیک ئاوایی «بۆڕییەر» لە لایەن جاش و پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بە پشتیوانی تۆپخانە و مۆشەکی کاتیوشا و چەکی جۆراوجۆر گەمارۆ دەدرێن و شەڕێکی دوو کاتژمێری خوێناوی لە نێوان ئەو ٢ فیداکار و تێکۆشەرە دێموکراتە لە لایەک و هێزی زۆر و پۆشتە و پەرداخی ڕێژیم لە لایەکی دیکەوە ڕوو دەدا.

قارەمانەکانی دێموکرات پاش کوشتن و بریندارکردنی ژمارەیەک لە جاش و پاسدارەکان و تەواو بوونی کەرەسەی بەرگری لە خۆیان، بۆ ئەوەی بە زیندوویی نەکەونە دەست دوژمن و بە دیل نەگیرێن، دوا نارنجۆکی دەستی بە خۆیاندا دەتەقێننەوە و بەداخەوە شەهید دەبن و دەچنە ڕیزی شەهیدانی حیزب و گەلەوە. دوو شەهیدی تازەمان بریتین لە شەهید «داودی جەوانمەرد» ناسراو بە «کاوە» ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و شەهید «سەرکەوت سەمەدی» کادری حیزب.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای بەداخبوون بۆ شەهیدبوونی ئەو دوو تێکۆشەرە، سەرەخۆشی لە هاوڕێیان و بنەماڵە بەڕێزەکانیان دەکا و لە دەستچوونیان بە خەسارێکی گەورە دەزانێ بۆ حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد، لە هەمان حاڵدا کە هاوسەنگەرانیان درێژەدەری ڕێبازی ئەو دوو شەهیدە و باقی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کوردستان و ڕێبازی پڕ سەروەریان تا گەیشتن بە ئاواتەکانیان دەبن و بە وتەی ڕێبەری گەورەمان دوکتور قاسملوو «باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژە پێدانی ڕێگایانە» ژیاننامە و تێکۆشانی ئەو دوو شەهیدە تازەمان بە جیاو و بەوردی بڵاو دەکرێتەوە.

ڕۆحی شەهیدانی تازەمان کاوە جەوانمەرد و سەرکەوت سەمەدی و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی شاد بێ و ڕێبازیان پڕ ڕێبوار و ئاواتەکانیان وەدی بێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
١٨ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی
٨ی ژوئیەی ٢٠١٦ی زایینی

# پەیامی تیشک تی ڤی بەبۆنەی شەهید بوونی کاوە جەوانمەرد بەرپرسی پێشووی ئەم کاناڵە

خەڵکی بەشەرەفی کوردستان
پێشمەرگە خۆشەویستەکانی حیزبی دێموکرات

بەناوی پێرسۆنێلی کاناڵی تەلەفزیۆنی تیشکەوە بەداخبوونی خۆمان بەهۆی لەدەستدانی هاوڕێی تێکۆشەر کاوە جەوانمەرد، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەرپرسی پێشووی کاناڵەکەمان ڕادەگەیەنین.

هاوڕێ کاوە جەوانمەرد نموونەی مرۆڤێکی بەمانای ڕاستەقینەی وشە شۆڕشگێر و لەخۆبوردوو، کادرێکی کارامە و لێزان و بەڕێوەبەرێکی لەسەرەخۆ و لێزان بوو کە نەخش و شوێندانەرییەکانی لە سەر کاروباری تەلەفزیۆنەکەمان تا ئێستاش دیار و بەرچاوە.

هاوڕێ کاوە، بە کردەوە سەلماندی کە سوارچاکێکی جوامێر بۆ حەماسەی نوێی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتە و بە کردارە جوامێرانەکانی وانەیەکی مێژوویی فێری هەموومان کرد کە ئەویش بریتییە لە خۆبەخشین بۆ ئازادیی نیشتمان.

ئەگەرچی لەدەستدانی وەها کەسێک هەم بۆ ئێمە وەک تەلەفزیۆنی تیشک و هەم بۆ بزوتنەوەی میللی دێموکراتیکی گەلەکەمان خەسارێکی گەورە بوو، بەڵام هەموو لایەک دڵنیا دەکەینەوە کە وەها برینێک ناتوانێ خەبات و بەرخودانمان بە چۆکدا بێنێ و هەردەم لە سەنگەری پێشەوەی خەبات بەدژی تاریک پەرستان و بکوژانی شەهید کاوە و هەموو شەهیدانی کوردستان دەبین.

پڕئاشکرایە کە ئەرکی سەرشانی هەموو ئازادیخوازێکی کورد لەم کاتە هەستیار و ناسکەدا بریتییە لە بەردەوام بوون لە ڕێگا و ڕێبازە پڕ سەروەرییەکەیان؛ وەک ڕێبەری هەردەم زیندووشمان دوکتور سادق شەرەفکەندی فێری کردووین، لەم ڕێگایەدا یان سەردەکەوین یان ئەو شانازییەمان بە نەسیب دەبێ کە سەر ببەخشین.

جارێکی دیکە وێڕای هاوخەمی دەربڕین لەگەڵ بنەماڵەی بەڕێزی شەهید کاوە جەوانمەرد و هەموو خەڵکی کوردستان، ڕادەگەیەنین کە تەنیا شتێک ڕۆحی شەهید کاوە و شەهیدانی کوردستان شاد و دوژمنانی گەل زەبوونتر دەکات، گەرمتر کردنی کوورەی خەباتە.

ڕۆحیان شاد، ڕێگەیان پڕ ڕێبوار
بەڕێوەبەرایەتی تەلەفزیۆنی تیشک
١٨ی پوشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی

# بەڕێوەبەرانی ناوەندی چالاکانی مافی مرۆڤی کوردستان هاوخەمیی خۆیان بۆ شەهید کاوە جەوانمەرد دەربڕی

بەڕێوەبەرانی ناوەندی چالاکانی مافی مرۆڤی کوردستان، لە پەیامێکدا هاوخەمیی خۆیان سەبارەت بە شەهیدبوونی کاوە جەوانمەرد، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربڕی.

دەقی پەیامەکە:

شەهید بوونی چالاکێکی مافی مرۆڤ، زامێکی دیکە لە پەیکەری مافی مرۆڤی کوردستان

شەهید بوونی «داوود جەوانمەرد» ناسراو بە «کاوە»، ڕۆژنامەوان و دۆستی ناوەندی چالاکانی مافی مرۆڤی کوردستان، خەمێکی قووڵی خستە دڵی هەموولایەک و زامێکی دیکەی خستە سەر پەیکەرەی مافی مرۆڤ لە کوردستان.

شەهید کاوە، سەرەتای ژیانی بە لەسێدارەدرانی باوکی خۆشەویستی، «نەجمەدین جەوانمەرد» لە ساڵی ١٣٦٣، بە ئازارەکانی نەتەوەکەی ئاشنا بوو. هەر ئەمەش وایکرد کە هەوڵ بۆ نەهێشتی پێشێلکردنی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ بدات و بە هۆی هەوڵەکانی لەم بوارەدا لە ساڵی ١٣٨٤، دەستبەسەر بکرێ و دوای ماوەیەک ئازار و ئەشکەنجەی ئەشکەنجەدەران، ئازاد دەبێ.

بەڵام لەبەر هەست بە بەرپرسایەتی و دڵسۆزی لەهەمبەر نەتەوەکەی، وای کرد دیسان لەسەر هەوڵە مرۆڤ دۆستانەکەی سوورتر بێ و لەکۆتایی‌دا بخرێتە ژێر گوشاری ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ئێران و ناچار بکرێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێ بێڵێ.

دوای ئەوەی بەناچار زێدی لەدایک بوونی جێ دێڵێ، لە بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەگیرسێتەوە و دیسان لە هەوڵە مرۆڤ دۆستانەکەی نەوەستا و بە هەوڵەکانی لەبواری مافی مرۆڤ، خزمەتێکی بەرچاوی بە بەرەوپێشچوونی دۆخی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت بەندکراوانی سیاسی و مەدەنی کرد.

لەکۆتاییدا هەر لەپێناو نەتەوەکەی و بۆ دەستەبەربوونی سەرەتایی‌ترین مافەکانی نەتەوەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕێکەوتی ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی هاوکات لەگەڵ هاوڕێیەکی دیکەی بەناوی «سەرکەوت سەمەدی» کە ئەویش یەکێ لە بەندکراوانی سیاسیی کورد بوو، لە «بۆڕیەر»ی نێزیک بە «کۆسالان»ـی «مەریوان» شەهید دەبن.

لەم پێوەندیەدا ئێمە بەڕێوەبەرانی ناوەندی چالاکانی مافی مرۆڤی کوردستان، خۆمان بە شەریکە خەمی لەدەستدانی کاوە جەوانمەرد، دۆستی ناوەند، ڕۆژنامەوان و چالاکوانی مافەکانی مرۆڤ، دەزانین و پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵە و دۆستان و هاوڕێیانی ئەم شەهیدە و گشت شەهیدانی کوردستان، دەکەین.

ناوەندی چالاکانی مافی مرۆڤی کوردستان

١٨ی پووشپەڕی ١٣٩٥
٨ی جولای ٢٠١٦

# بە بۆنەی شەهید بوونی کاوە جەوانمەردەوە

ئاژانسی کوردپا: ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بە بۆنەی شەهید بوونی کاوە جەوانمەرد، ڕۆژنامەوانی ناسراوی کورد، سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی تەواوی چالاکانی مەدەنی و ڕاگەیەنکارەکان دەکات.

شەهید کاوە جەوانمەرد یەکێک لە ئەندامانی هەیئەتی دامەزرێنەری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردستان(کوردپا) بوو کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە جێگر کردن، فۆرم پێدان و بەردەوام بوونی ئەو ئاژانسە سەربەخۆیە بووە.

لە ماوەی ٥ ساڵدا کە بە سەر دەستپێکی چالاکییەکانی ئەو ڕاگەیەنە تێدەپەڕی، کاوە هاوکات بە دانی ڕێکار و ڕێنوێنییەکانی خۆی، لە کردەوەدا بوو بە یەکێک لە ڕاگەیەنکارەکانی ئاژانسی کوردپا.

ئەو ڕۆژنامەوانە بەئەزموونە سەرەڕای ئەندامیەتی و چالاکی لە حیزبە کوردەییەکانی ئۆپۆزسیون، بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ڕاست و گشتگیر، هەواڵەکانی پەیوەندییدار بە کوردستانی ئێرانی کردبووە ئامانجی ئیستراتژی هەواڵدەریی کوردپا.

کاوە جەوانمەرد خاوەنی بەڵگەی بڕواپێکراوی نێونەتەوەیی لە بیاڤی ڕۆژنامەوانی‌دا بوو. ماوەی ساڵانی ١٣٨٣ و ٨٤ی هەتاوی لەگەڵ حەوتوونامەی «کەرفتوو»هاوکاری کردبوو.

دەزگای قەزایی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی‌دا، ناوبراوی لە دوو دۆسیەی جیاجیادا بە تۆمەتی «دژایەتی لەگەڵ خوا» بە ٥ ساڵ زیندان و دوورخستەوە بۆ زیندانی مەراغە حوکم دابوو.

ڕۆژی ڕابردوو، ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزب، شەهید بوونی کاوە جەوانمەرد لە شەڕ و تێکهەڵچوون لە ڕۆژی سێشەممە ١٥ی پووشپەڕ، لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی سپای پاسداران لەگەڵ پێشمەرگەکان ڕاگەیاند بوو.

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا شەهید بوونی کاوە جەوانمەرد بە خەسارێکی گەورە بۆ ڕۆژنامەوانانی سەربەخۆ و ئازادیخوازی کوردستان و سەرتاسەری ئێران دەزانێ و سەربەرزیی بۆ بنەماڵە و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی کاوە لە کوردستان دەخوازێ.

# کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ پشتیوانیی لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لەمەڕ پشتیوانی لە خەباتی ڕزگاریخوازانە و میللی دێموکراتیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

لە بەشێکی ئەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە، هەر وەک هەموو لایەک ئاگادارن هێزەکانی سپای پاسدرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوو بە شێوەی بەردەوام هێرشیان کردووەتە سەر تیمەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە کاری تەبلیغاتی و تەشکیلاتیان کردووە.

لە ئەنجامی ئەو هێرشانەی هێزەکانی سپای پاسداران بۆ سەر پێشمەرگەکان، ڕێژیم تەلەفاتێکی قورسی بەرکەوت و بە داخەوە ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش شەهید کران.

بوونی هێزەکانی پیشمەرگە لە نێوخۆی وڵات ترس و لەرزێکی زۆری خستووەتە ناو بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران و ڕێژیمیش بۆ ئەوەیکە شکستی خۆی بشارێتەوە دەستی داوەتە تۆپبارانی شوێنی نیشتەجێ‌بوونی هاووڵاتییانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەلات و لە ئەنجامی ئەو تۆپبارانانەدا زیانی قورسی مادی بەر هاووڵاتییان کەوتووە.

هەروەها ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە درێژەی هەوڵە دژە مرۆییەکانیدا، جێگری فەرماندەی سپای پاسداران حوسێن سەلامی لە نوێژی هەینی حەوتووی ڕابردوو لە تاران بە زمانێکی سەخیفانە هەڕەشەی لە هەرێمی کوردستانی باشوور کرد و هاوکات باسی لە لەناوبردنی ئیسرائیل کرد.

جیا لە هەڕەشەکانی ڕێژیمی ئێران کە چەندە کردەیی دەبێت و کۆمەڵگای جیهانی قەبووڵی بکات، ئێمە وەک کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لەو باوەڕەداین کە هەڕەشە و هێرش بۆ سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی هەر یەک لە نەتەوەکانی ئێران، بە مانای هێرش بۆ هەموو نەتەوە ئازادیخوازەکانی ئێرانە.

هەروەها ئێمە وەک کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ، پشتیوانی لە حزووری چالاکانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێوخۆی وڵاتدا دەکەین و هێرشی هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ سەر پێشمەرگە خەباتکارەکان و هەروەها هەر هێرشێک بۆ سەر کەمپەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مەحکووم دەکەین.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ

# پەیامی هاوخەمی و پشتیوانیی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان لە حیزبی دێموکرات

ژمارەیەکی بەرچاو لە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان بە پەیام و پێوەندی و سەردان، پشتیوانی و هاوخەمیی خۆیان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربڕی.

دوای دەسپێکردنەوەی خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و شەهیدبوونی پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە ئاکامی هێرشی دڕندانەی هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان، بەتایبەت شەهیدبوونی کاوە جەوانمەرد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و سەرکەوت سەمەدی جێگری فەرماندەی هێزی تایبەت، حیزب و لایەنە سیاسی، کەسایەتی و ناوەندە مەدەنییەکان پشتیوانی و هاوخەمیی خۆیان لەگەڵ حیزبی دێموکرات دەربڕی.

ئەو حیزب و لایەنە سیاسی، کەسایەتی و ناوەندە مەدەنییانە بریتین لە:

پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کۆمەڵە ـ سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی شیوعی کوردستان، هاوڕێیانی پێشوو، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران، پارتی دێموکراتی کوردستان سووریا، پارتی سەربەستی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستان/باکوور، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، سازمانی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران، پارتیا سوسیالیستا کوردستان (PSK)، حیزبی سوسیالیستی کوردستانی باکوور، پارتی دێموکراتی پێشەڕۆی کورد لە سووریا، (K.C.K)، پارتی کرێکارانی کوردستان (P.K.K)، پارتی ماف و ئازادی (HAK-PAR)، پارتی دێموکراتی گەلان (HDP)، پارتی ئازادیی کوردستان باکوور، بزووتنەوەی گۆڕان، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ، سازمانی دێموکراتیکی یارسان، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستان، کۆمەڵەی کولتووری شاری ئۆرێبرۆ، ناوەندی ئاشتی لە شاری ئۆرێبرۆ، بەڕێوەبەری ناوەندی گشتیی یەکیەتیی کوردان لە وڵاتی سوید، شێخ سەلاح شێخ شەرەف تاڵەبانی، یەکیەتی مامۆستایانی ئایینیی کوردستانی ئێران (یزاکی)، یەکیەتیی مامۆستایانی قوتابخانەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵێک لە فەرهەنگیان و دەبیرانی شاری پاوە، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، مامۆستایانی زانستگە و قوتابخانەکان، ناوەندی چالاکانی مافی مرۆڤی کوردستان، فێدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید، دەستەی سەرۆکایەتی حیزبی ڕزگاریی کوردستان، ئەنجومەنی سەرکردایەتی بزووتنەوەی نوێبوونی کوردستان، مەکتەبی سیاسی پارتی سەربەخۆیی کوردستان، مەحموود دەرویش، ماڵپەڕی خاکەلێوە.

# دەنگ و ڕەنگی ڕێژیمی ئێران سووکایەتی بە نەتەوەی کورد کرد

دەنگ و ڕەنگی ڕێژیمی ئێران کە زوڕناژەنی دەسەڵاتی ڕێژیمە و جیا لە بیرۆکەی دواکەوتوانە و چەقبەستوو و بڵاوکردنەوەی بیری ئیدئۆلۆژیک، هیچ بەرنامەیەکی دیکە بڵاو ناکاتەوە، لە بەرنامەیەکی تەلفزیۆنیدا سووکایەتی و بێ‌ڕێزی بە نەتەوەی کورد کرد. لەو پێوەندییەدا، بەرنامەیەکی کۆمێدی لەژێر ناوی «دورهمی» لە دەرهێنانی «مێهران مودیری» سینەماکاری گۆپاڵ بەدەستی ڕێژیمی ئێران، کە لە ئێراندا بڵاو دەبێتەوە، سووکایەتی بە نەتەوەی کورد کردووە.ئەم بەرنامەیە بە تەواوەتی لە بەرنامەیەکی «هێندی» هەڵگیراوەتەوە و ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە سینەمای ڕێژیمی ئێران بە هۆی ژێر دەستەیی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران هیچ بەرهەمێکی نوێی نییە. مێهران مودیری ئەو سینەماکارەی ڕێژیمی ئێران، لەو بەرنامەیەدا، بە شێوەیەکی زۆر سەخیفانە باسی هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان دەکات کە گۆیا لە ڕەوتی فرۆشتنی بلێتی یارییەکانی جامی جیهانیی برێزیل، فڕۆکەی تەماشاوانان بە جێگای ئەوەیکە لە شوێنی یارییەکان بنیشێت، هەر لە هەولێر دەنیشێتەوە و تەماشاوانانی ئەو یارییانە سەر لە مسافیرخانەیەک دێنە دەری و لە ڕێگای تەلفزیۆنێکی سەرەتایی سیاسفید تەماشای بەرنامە دەکەن. ئەو کارەی مودیری لە کاتێک دایە کە بۆ هەموو کەس ئاشکرایە سەرەڕای ئەوەیکە هەرێمی کوردستان، بە هۆی شۆڕش دژی ڕێژیمی بەعسیی عێراق، لە سەرەتایترین ئیمکاناتی دەنگ و ڕەنگ و تەنانەت خۆشبژیوی بێبەش بوونە، بەڵام ئێستا تەلەفزیۆن و کاناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردیی لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی لە هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەیان کردووە و سینەمای ئێران لە ئاستیدا زۆر بێ بایەخە.

# پەیامی هاوخەمیی تەشکیلاتی نهێنیی بۆکان بۆ شەهیدان کاوە جەوانمەرد و سەرکەوت سەمەدی

وێڕای بەداخبوونمان بو شەهیدبوونی ئەو دوو شەهیدە سەربەرزە، کاک کاوە جەوانمەرد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کاک سەرکەوت سەمەدی کادری حیزبی دێموکرات، هاوخەمیی خۆمان بە ناوی تەشکیلاتی بۆکان بۆ بنەماڵەی سەبەرزیان و حیزبی دێموکرات و خۆمان ڕادەگەیەنین و پەیمان لەگەڵ شەهیدان نوێ دەکەینەوە.

هەروەها داوا لە حیزبی دێموکرات دەکەین کە پێشمەرگەکان لە چوارچێوەی هێزدا بنێرێتەوە تا بتوانن باشتر کار و چالاکییەکان لە نێوخۆی وڵات بەڕێوە ببەن و باشتر بەرەنگاری پەلامار و هێرشەکانی ڕێژیمی ئێران ببنەوە.

# ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هاوڕێیانی حیزبی،
کادر و پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرانی حیزب،
لەم قۆناغەی خەباتدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بڕیارێکی مێژوویی هەنگاو بۆ گرێدانی خەباتی شاخ و شار هەڵدەگرێ و لەو ڕێگایەدا تاکوو ئێستا قورسایی زۆری تێکۆشانی لەسەر شان بووە، بە گیانفیدایی و ماندوونەناسیی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب، هیوادار بە سەرکەتن لەو ڕێبازەداین.
لەم ماوەیەدا زۆر جار لەبەر دژواریی ڕێگا و ئەزموونکردنی نوێ لە هەندێک بوار، بەتایبەت لە بواری کەڵک وەرگرتن لە تێکنۆلۆژیی نوێی پێوەندیگرتن و زانیاری و بەتایبەت کەڵک وەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەم لایەنی باشی ئەو تێکنۆلۆژییە نوێیانە و هەم شێوازی خراپی کەڵک وەرگرتن لەوان بۆ زۆربەی زۆری خەڵک ڕوونتر بۆتەوە.
ئێستا لە دوای چەند شەڕ و تێکهەڵچوون لەنێوان سوپای پاسداران و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا، هەم دوژمن دەستی داوەتە شەڕێکی تەبلیغی و ڕەوانی بە دژی تێکۆشەران و بۆ دوژمنایەتی سازکردن لە نێو خەڵکدا و هەم هەندێک لە ئەندامانی حیزب لەبەر دڵسۆزی و لە ڕووی نائاگاییەوە هەنگاوی نادروستیان لەو بارەوە هەڵ گرتووە.
بەتایبەت ئێستا دیاردەیەکی زۆر مەترسیدار هاتۆتە ئاراوە کە لە لایەن بەرپرسانی ڕێژیمیشەوە دەست پێ‌دەکا و پەرەی پێ دەدرێ، ئەویش ئەوەیە کە هەر کەس و بە تێگەیشتنی خۆی و لە سەر ئەساسی زانیارییەکانی کە ڕاستی و ناڕاستییەکەی دیار نیە، وێنە و پێناسەی خەڵک بڵاو دەکەنەوە کە گوایە ئەوانە سەر بە ڕێژیمن و هاوکاریی ئیتلاعاتی و ...هتد، بە هێزەکانی ڕێژیمیان کردووە.
ئەو جۆرە زانیارییە بێ‌سەروبەرانە کە بڵاو دەکرێنەوە نەک خزمەت بە خەباتی ڕەوامان ناکا، بەڵکوو دەبێتە هۆی دڕدۆنگیی زیاتر دروست کردن لە نێو خەڵکدا و ڕەنگە کەسانی بێتاوان و تەنانەت دڵسۆزی خەباتیش ناویان لەخۆڕا بزڕێندرێ و ئەمە قازانج بە دوژمن دەگەیەنێ.
سەبارەت بەو هەڵسوکەوتانە لە دونیای نوێی پێوەندی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا پێتان ڕادەگەیەنین کە:
یەکەم- هیچ کادر و پێشمەرگە و ئەندامێکی حیزب ڕێگەی پێ نەدراوە کە لە سەر ئەساسی زانیارییەکانی خۆی کە ڕەنگە ڕاست یان ناڕاست بن، دەست بکا بە ناوزڕاندنی خەڵک. تکایە هەر زانیارییەکتان پێ دەگا بە شوێنی خاوەن سەلاحیەتی حیزبیی بگەیەنن و لەم ڕێکەوتە بەو لاوە هەر کەس ئەو جۆرە کارانە بکا بە ژێرپێنانی پرەنسیپی شۆڕشگێڕی و حیزبیی دەبینین و بەرخوردی حیزبیی لەگەڵ دەکرێ کە ڕەنگە دەرکردن لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی بەدواوە بێ.
دووهەم- تەنیا ماڵپەڕی جێگای بڕوا و ڕەسمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ماڵپەڕی کوردستان‌میدیایە و هەموو ماڵپەڕ و سەرچاوەکانی دیکە کە خۆیان بە ئۆرگی حیزبی دێموکرات دەزانن، تەنیا کوردستان‌میدیا بکەن بە سەرچاوەی زانیارییەکانیان سەربارەت بە کار و چالاکی و سیاسەتی حیزبی. حیزبی دێموکرات خۆی لەبەرانبەر بە زانیاری و بڵاوکراوەی هیچ ماڵپەڕێکی دیکە (کە خۆی بە نزیک لە حیزب دەزانێ یان خۆی سەر بە ئۆرگانێکی حیزب پێناسە دەکا )بە بەرپرسیار نازانێ و هەر ماڵپەڕێک لە داهاتوودا شتێک لە دەرەوەی سیاستی حیزبی و دژ بە سیاسەت و کرداری حیزبی بڵاو بکاتەوە بە ڕاگەیەندراوی ڕەسمی باسی دەکەین.
هیوادارین کە لەم قۆناغە هەستیارەی خەبات و تێکۆشاندا هەموو کادر و پێشمەرگە و ئەندامی حیزبی و دۆستان و دڵسۆزانی کورد بە هەستیاری و چاوکراوەییەوە هەڵسوکەوت بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کومیسیۆنی سیاسی نیزامی
١٩ی پووشپەڕی ١٣٩٥
٩ی ژووئیەی ٢٠١٦

# سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە کۆچی دوایی میشێل ڕوکارد، سەرۆک وەزیرانی پێشووی فەرانسە پەیامێکی هاوخەمی بڵاو کردەوە

مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیامێکدا بە بۆنەی کۆچی دوایی میشێل ڕوکارد، سەرۆک وەزیرانی پێشووی فەرانسە، پرسە و هاوخەمیی خۆی لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە دربڕی کە دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:
پەیامی پرسە و هاوخەمیی مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بەڕێز «ژان کریستۆف کامبادلیس»
سکرتێری گشتیی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە
بە بۆنەی کۆچی دوایی بەڕێز میشێل ڕوکارد، سەرۆک وەزیرانی پێشووی فەرانسە لە خولی دووهەمی سەرۆک کۆماریی فەرانسوا میتەران
بەڕیز سکرتێری گشتی و دۆستی بەڕێز!
وێڕای خەم و پەژارەی زۆر سەبارەت بە کۆچی دوایی بەڕێز میشێل ڕوکارد سەرۆک وەزیرانی پێشووی فەرانسە لە خولی دووهەمی سەرۆک کۆماریی نەمر فرانسوا میتەران کە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢ی ژوئیەی ٢٠١٦ی زایینی لێی ئاگادار کراینەوە، لەو کاتە پڕ لە خەم و ئازارەدا، ئیزن بە خۆم دەدەم کە بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوخەمیی خۆم بۆ لەدەستچوونی ئەو پیاوە بیرمەندە گەورەیە بە ئێوە و لە ڕێگای ئێوەوە بە هەموو سوسیالیستەکان بگەیەنم.
ئێمە خۆمان لە خەمی لەدەستچوونی ئەو کەسایەتییە گەورەیەی سوسیالیزمی دێموکراتیک بە شەریک و بەشدار دەزانین.
وێڕای حورمەت و ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی میشێل ڕوکارد

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری
٥ی ژوئیەی ٢٠١٦ی زایینی

# دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە هەولێر چەواشەکارییەکانی کاناڵی ڕاگەیاندنی KNN ڕەت دەکاتەوە

دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری هەولێر، سەبارەت بە چەواشەکاریی کاناڵی ڕاگەیاندنی (KNN) ڕوونکردنەوەیەکی بۆ ڕای گشتی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕوونکردنەوەکە:
لە ڕێکەوتی ١٤ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، ڕاپۆرتێک لە ماڵپەر و کاناڵی تەلەڤزیۆنی (KNN) بڵاو کرایەوە کە تێیدا بە ئاماژە بە سەرچاوەی «ماڵپەری دەنگی کوردستان» لە زمانی »محەممەد ساڵح قادری» نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەولێر، قسەی دوور لە ڕاستی و ئامانجداری لەژێر ناوی «دوو پرۆژەی سعوودیە و قەتەر لە دژی کورد ئاشکرا دەبن» بڵاو بووەتەوە.
ئێمە بە ناوی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەولێر، ڕادەگەیەنین کە لێدوانێکی لەم چەشنە کە سەلمێنەری ئەو ناوەرۆکە بێ، لە لایەن ئێمەوە نەبووە و بۆیە ڕادەگەیەنین کە سەرتاپای ئەو ڕاپۆرتە کە پەیوەندی بە ئێمە بوویێت دووره لە ڕاستی و ڕەتی دەکەینەوە.
بنەما و پرەنسیپی سەرەکیی هەر ڕاگەیاندنێکی بەرپرسیار و دەروەست، گەیاندنی زانیاری دروست و دوور لە چەواشەکارییە بۆ ڕای گشتی. لە کاتێکدا کە ڕاپۆرتی KNN بە هەر مەبەستێکی سیاسی و ئامانجدار داڕێژڕابێت، دوورە لە ڕاستییەوە و وەک چەواشەکاری،خەوشدارکردن و پرسیار خستنەسەر خەباتی ڕەوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم ساتە هەستیارەدا هەژمار دەکرێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
پێوەندییەکانی هەولێر
محەممەد ساڵح قادری

# حیزبی دێموکرات بەشداریی لە ڕۆژی جێژنی نیشتمانیی فەڕانسەدا کرد

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی «محەممەدنەزیف قادری» ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەشداریی لە ڕۆژی جێژنی نیشتمانیی فەڕانسەدا کرد. ڕۆژی پینجشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە سەر بانگهێشتی فەرمیی کۆنسولخانەی فەڕانسە لە هەولێر، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی «محەممەدنەزیف قادری» ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، بەشدارییان لە ڕۆژی نیشتمانیی فەڕانسەدا کرد و پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بەو بۆنەوە بە «ئالێن گێپخات» سەرکۆنسولی گشتیی فەڕانسە ڕاگەیاند. لە میانەی ئەو مەراسمەدا، هەیئەتی حیزبی دێموکرات لە گەل چەندین کۆنسولی وڵاتان و کەسایەتییە سیاسی و دیپلۆماتکارەکان دیدار و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان هەبوو.
لەو مەراسمەدا سەرکۆنسولی فەڕانسە لە میانەی گۆتارێکدا ڕۆڵی پێشمەرگەی کوردستانی لە شەڕی دژی تێرۆریزم و پاراستنی پێکهاتە جیاوازەکاندا بەرز نرخاند و پێداگریی لە سەر دۆستایەتی گەلی فەڕانسە و گەلی کوردستان کردەوە.
دواتر گوتاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن «فەلاح مستەفا»، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کرا.

# کوردستان بەپیر بانگەوازی حیزبی دێموکراتەوە هات

خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا دوکان و بازاڕیان داخستووە و وەڵامی بانگەوازی مانگرتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان داوەتەوە.
خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا، ڕۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە دوای بانگەوازی مانگرتنی گشتی، دوکان و بازاڕەکانیان داخستووە.
بەپێی ئەو ڕاپۆراتانەی بە دەست ماڵپەڕی کوردستان میدیا گەیشتووە، شارەکانی سەقز، مەهاباد، شنۆ، مەریوان و ورمێ دوکان و بازاڕیان داخستووە و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ حیزبی دێموکرات و شەهیدان نوێ کردەوە.
بەرپرسانی ئیدارەی ئەماکنی ڕێژیمی ئێران لە شاری سەقز هەڕەشەیان لە دوکانداران و بازاڕیان کردووە کە نابێ مانگرتن بەڕێوە بەرن.
هەروەها ڕێژیمی ئێران لە ڕێگای ئۆرگانەکانی دیکەی سەرکوتکەری وەکوو ئیتلاعات و سپا، هەڕەشەی تایبەتی لە زۆربەی ئەو کەسانە کردووە کە پەروەندەیەکی سیاسیان هەیە یان کەسێکیان سیاسیە، کە بە هیچ شێوەیەك نابێ هەوڵ بدەن ئەو مانگرتنە سەر بکەوێ. ئەم هەڕەشانە بە شێوەی سەردان کردن، بانگهێشت کردن و پێوندی لە ڕێگای تەلەفۆنەوە بووە.
بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی بەدەست ماڵپەڕی کوردستان میدیا گەیشتووە، ڕێژیمی ئێران لە شاری شنۆ تەلەفۆن بۆ دوکانداران دەکات و بە زۆر دوکانەکانیان پێ دەکاتەوە.
هەروەها لە شارەکانی ورمێ و مەهاباد و مەریوانیش خەڵک وەڵامی بانگەوازی حیزبی دێموکراتیان لەمەڕ مانگرتنی گشتیی داوەتەوە و خەڵک پێشوازییان لە بانگەوازی حیزبی دێموکرات کردووە.
لە شاری پیرانشاریش بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران هەڕەشەیان لە خەڵک و دوکانداران کردووە کە نابێ دوکان و بازاڕ دابخەن.
بەپێی ڕاپۆرتەکان ڕێژیمی ئێران لە دزەی مەرگەوەڕی ورمێ، ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم وێنەی ئەو دوکانانەی کە داخراونی گرتووە.
هەروەها هێڵی ئینتێرنێت لە شارەکانی کوردستان یا پچڕاوە یا زۆر لاوازە.
بەپێی ئەو هەواڵەی کە بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا گەیشتووە لە شاری مەهاباد بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو دوکان و بازار داخراوە و هاتوچۆی خەڵک زۆر کەم بووە.
لە شارەکانی سنە، پیرانشار، کرماشان، پاوە و نەغەدە، هەواڵنێرانمان رایانگەیاند کە وێڕای پچڕانی هێڵی ئینتێرنێت کە ڕێژیم بۆ کپکردنی دەنگی خەڵک ئەو کارەی کردووە، هەواڵی مانگرتن لە شارەکانی کوردستان بە نێو خەڵکدا بڵاو بۆتەوە و ئەو چالاکیانەی خەڵک توانراوە بە ڕێگای دژوار بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا بگەیەندرێن.
هەواڵنێرانی کوردستان میدیا لە شارەکانی سنە، کرماشان، پاوە، پیرانشار، مەهاباد، سەقز، بۆکان، شنۆ، مەریوان، کامیاران و ورمێ ڕایانگەیاند کە ڕێژیم هێزی زۆری لە نێو شارەکان جێگیر کردووە و لە هەر ماشین و کەسێک کە بەگومان بن، دەپرسنەوە و کەشی نێو شارەکانی کوردستان بەتەواوی ئەمنیەتی و میلیتاریزە کراوە.
ئەو شارانەی کوردستان کە بەشێوەی ڕێژەیی بەشێکی شوێنەکان و دوکان و بازارەکانیان داخرابوون بریتین لە؛ شارەکانی بانە، دیواندەرە، کامیاران ، سەردەشت و سەوڵاوا. لەو شارانەدا بەشێوەی ڕێژەیی دوکان و بازار داخرابوون و جوولەی هێزەکانی ڕێژیم لە نێو شاردا بە شێوەی بەرچاو دیاربوو. شارەکانی سنە و بۆکان و پاوە و سەقز و مەریوان و دیواندەرە و چەندین شوێنی دیکە لە دوانیوەڕۆشدا مانگرتنیان بەردەوام بووە و بەتایبەت لە شاری سنەدا مانگرتن بەشێوەیەکی یەکجار بەرچاو بەڕێوە چوو و سەرتاپای شوێنە قەرەباڵغەکانی شار مانگرتنیان پێوە دیار بوو.
بەپێی هەندێک زانیاری، لە شاری کرماشان، هێزەکانی ڕێژیم لەداخی داخستنی دووکانەکان، لە چەند شوێن قوفڵی دوکانەکانیان شکاندوە.
هەروەها هەواڵنێرانی کوردستان میدیا ڕایانگەیاند کە لە زۆر گوندی کوردستان و بەتایبەت گوندەکانی وەکوو نییەر و تەنگیسەر و بۆڕیەر، وێڕای بڵاوکردنەوەی دروشم و تراکتی تایبەت، خەڵک بەتەواوی مانیان گرتبوو.

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەمەڕ تۆمەت و چەواشەکارییەکانی موحسین ڕەزایی

هێرشەکانی ئەم دواییانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کادر و پێشمەرگە و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و بەرگری تێکۆشەرانی حیزب لە خۆیان، چەند تێکهەڵچوونی لێکەوتەوە. لەو پێوەندییەدا کاربەدەستانی پلەبەرزی نیزامی و حکوومەتیی ڕێژیم هەرکام بە جۆرێک و بە زمانی هەڕەشە هاتنە دەنگ و تەنانەت بە کردەوەش ناوچە سنوورییەکانی حاجی عومەران و سیدەکانیان لە هەرێمی کوردستان تۆپباران کرد و زیانی گیانی و ماڵییان بە خەڵکی ئەم ناوچانە گەیاند.
لە درێژەی ئەو هەڕەشەکردن و خۆڕانانەی ڕێژیمدا، ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٣٩٥/٤/٢٧ی هەتاوی، موحسین ڕەزایی کۆنە فەرماندەی سوپای پاسدارانی ڕێژیم و دەبیری «مجمع تشخيص مصلحت نظام» لە وتووێژێکی تەلەویزیونیدا وێڕای ڕەخنەگرتن لە چەند وڵاتی ناوچە و هەڕەشە لێ‌کردنیان، تۆمەتباری کردن بەوەی کە پشتی هێزە کوردییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەگرن و لە ناوچە سنوورییەکان بنکەیان بۆ کردوونەوە. لەو بارەوە لە بەڕێز مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی دەوێ کە ئەگەر فکرێک بۆ ئەو مەسەلەیە نەکاتەوە، بە زوویی کردەوەی نیزامیی وێرانکارانە دژ بەو هێزانە دەست پێ دەکەن و وەباڵی ئاکامەکەیشی دەخاتە ئەستۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.
هەموو ئەو بانگەشە بێ‌بنەمایانەی کۆماری ئیسلامی و لێدوانانەکانی موحسین ڕەزایی لەو پێوەندییەدا، بە توندی ڕەد دەکەینەوە و ڕادەگەیەنین کە بەرینتر کردنەوەی خەبات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دژ بە سیاسەتی هەڵاواردن، ماف پێشێل کردن و سەرکوت و زەبر و زەنگی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە گەلی کورد، سەرچاوە گرتوو لە ئیرادەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لەسەر داوای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە. خەباتێک کە تا وەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات درێژەی دەبێ و هیچ هەڕەشە و تۆمەت وەپاڵدانێکیش ناتوانێ لە بڕینی ئەو ڕێگایە بە هەموو دژوارییەکانییەوە هانگاوی پێ شل بکا.
ئەو قسانەی موحسین ڕەزایی درێژەی ئەو سیاسەت و کردەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرانبەر بە دژبەران و ناڕازییانی خەڵکی ئێران و لە سەرووی هەموانەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە هەر لەسەرەتاوە ئەوە بووە لە جیاتی چارەسەری کێشەکان و دابینکردنی مافەکان، وەڵامی هەر دەنگێکی دژبەر و ناڕازی بە ئاگر و ئاسن و وێران کردن بداتەوە و لە هەر بڕگەیەکی زەمەنیدا دژبەرانی خۆی بەستراوە بەم و بەو تۆمەتبار بکا و ئەوەش کردەوە و سیاسەتێک بووە کە هیچ کات نەیتوانیوە نە سەلمێنەری بێ و نە بەرهەمی دڵخۆشکەری بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران لێ‌بکەوێتەوە و ئێستاش لێی‌ناکەوێتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
١٣٩٥/٤/٣٠
٢٠١٦/٠٧/٢٠

## درێژەی پەیڤ

ژێر دەسەڵاتی نگریسی ڕێژیم و لە ژێر گوشاری چەکمەی هێزەکانی حکوومەتدا، شار و گوندی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو مانیان گرت، یان ڕێژیم ناچار بوو بە هەڕەشە و گوڕەشە دوکانەکانیان پێ بکاتەوە.
- ڕێژیم وای دەنواند کە چالاکی لە کوردستان دەستکردی دەرەکیە وبیانیەکان هانی دەدەن، بەڵام لە نێو شارەکانی کوردستاندا و لە نێو دڵی خەڵکی کوردستاندا مانگرتن و دەنگی نارەزایەتی بەرانبەر بە ڕێژیم بەرزکرایەوە.
- خاڵەکانی ئەم ڕەهەندەش بۆ کاتێکیتر
بەم کورتە سرنجەدا دیارە کە ڕێژیمی پەتوسێدارە، تا چ ڕادەیەک لە خەباتی کورد تەزیوە و چەندە زەندەقی لەو خەباتە چووە. بۆیە خەباتی ڕەوای کورد بۆتە مۆتەکەی ڕێژیمی سەرەڕۆی ئیسلامی لە تاران و هەر ڕۆژە یەکێکیان پێشی ترسەکەی پێ ناگیرێ و دەست دەکەن بە هەڕەشە و هاتوهاوار تاکوو لەو نێوەدا بە دەنگە دەنگ و هەرا نانەوە، ترسەکەیان بشارنەوە.

# چالاکیی تەبلیغیی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕەوە

کوردستان میدیا: ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ٢٧ـەمین ساڵرۆژی تیرۆرکرانی دوکتور قاسملوو، لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان تراکت و وێنەی شەهید دوکتور قاسملوویان بڵاو کردەوە.

موچش:

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە بەخشی موچشی کامیاران بە بلاوکردنەوەی تراکت و پوستێری تایبەت بە ٢٢ی پوشپەڕ، یادی دوکتور قاسملوویان بەرز نرخاند ئەم چالاکییانە بەشێوەیەکی بەربڵاو شەوی یەکشەممە لەسەر دووشەممە واتە ١٣ لەسەر ١٤ی پووشپەڕ لە موچش بەڕێوە چووە کە لەگەڵ پێشوازیی دانیشتوانی ئەم ناوچە بەرەوڕوو بوویەوە.

نەغەدە:

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری نەغەدە لە گەڕەکی «١٦ دەزگا» بە بلاوکردنەوەی تراکت و پوستێری تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ لە یادی ٢٧ـەمین ساڵرۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو بە دەست تێرۆریستانی ڕێژیمی ئێران چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هەروەها لە گوندەکانی «حەڵبێ ،کویکان، گەرگولی خوارێ، یونسلیان و ئالیاوێ سەر بە شاری نەغەدە» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ئالایەکی گەورەی کوردستانیان بە دەکەڵی بەرقدا هەڵواسیبوو.

مەهاباد:

ئەندامان و ڕۆڵە قارەمانەکانی دێموکرات لە شاری مەهاباد بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغاتی، وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی شەهیدان دووپات کردەوە. ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: تێرمینالی گەورە، شەهرەکی کارمەندان، تەپەی قازی، زەمینەکانی شارەداری، شەقامی «صداوسیما»، پارکی میللەت، وروودی شار، تاقەدار، شەقامی بیمارستان، پارکی باغی شایگان، بەری مەدرەسە، بەری شیلانان، باغی سەفا، شارەکی فەرهەنگییان، کوی دانیشگا، سنجاناوا، شارەکی موکریان، خیابانی سەداوسیما، مەحموودکان، تەپەی قازی و بلواری شاریکندی، گەڕەکی سێئاشان.

هەروەها لە زۆربەی گوندەکانی شارویران چالاکیی تەبلیغی کراوە.

هەروەها ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٨ی پووشپەڕ لە شاری مەهاباد ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە سەدان بانگەوازی مانگرتنی گشتییان لە نێو نوێژخوێنانی مزگەوتی «سوور»دا بڵاو کردەوە و هەوەها بە کورتەنامەی «مانگرتنی شار، دەنگی دلێری شاخە» داوایان لە خەڵکی مەهاباد کردووە کە بەشداریی مانگرتنی ٢٢ی پووشپەڕ بکەن.

سنە:

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٧ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و ڕێڕەوانی شەهیدانی کوردستان و بەتایبەت شەهیدانی سەربەرزی قۆناغی ڕاسانەوەی دێموکرات و ڕۆڵەکانی قاسملوو لە بەرەبەری ٢٢ی پووشپەڕدا، لە چەندین شوێنی شاری سنە دەستیان دایە چالاکیی تەبلیغیی بەربڵاو و بە بڵاوکردنەوەی وێنە و وتەکانی دوکتور قاسملووی ڕێبەر و هەڵواسینی پۆستێر و تراکتی تایبەت بە یادی ٢٢ی پووشپەر، سیاسەتی تێرۆر و سەرکوت و ڕەشەکوژیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیانیان مەحکووم کرد و بە زیندوو ڕاگرتنی یادی شەهیدان و پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ حیزبی دێموکرات دڵی جەماوەی شاری سنەی هەمیشە لەسەنگەریان شاد کرد.

ئەو شوێنانەی کار و چالاکیی تەبلیغییان تێدا کراوە بریتین لە:

ئەمیریە، مەیدانی ئێقبال، خیابانی مەولەوی و ژاندارمری، بناری کێوی ئاویەر، مەیدانی گاز، شارەکی ساحلی، شارەکی فێردەوس، شارەکی دگەران و موارەکئاوا و چەندین شوێنی دیکە.

هەروەها لە چەمشاری سنە و لەسەر جادەی کامیاران، وێنە و تراکتی تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ بڵاو کرایەوە.

سەقز:

ئەندامان و لایەنگرانی دێموکرات پەروەری شاری شەقز بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ساڵرۆژی تێرۆرکردنی شەهید دوکتور قاسملوو لە ڕۆژانی ١٤ و ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە چەندین گەڕەکی شاری سەقز، بە بڵاوکردنەوەی پۆستێری کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکرات تایبەت بەو بۆنە، هەروەها بەشێوەی دروشم نووسین بۆ بانگەواز بۆ مانگرتنی گشتی، لەم شوێنانەی خوارەوە بە شێوەی بەربڵاو چالاکیی تەبلیغیی بەڕێوەچوو.

گەڕەکی شاناز، خیابانی مزگەوتی حەزرەتی عومەر و کەریم ئاوا.

هەروەها لە درێژەی چالاکیی تەبلیغاتی لە شاری سەقز لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شوێنانە چالاکی تەبلیغاتییان بەرێوە برد:

گەڕک و شەقام و کۆڵانەکانی: کەریمئاوا، ٣٢ میتری، حاجیئاوا، شەهرەکی جیهاد، شەهرەکی نیرووی ئینتیزامی، شەهرەکی ئازادەگان، نەشمیلان، ئوستاد شیرازی، کوشتارگا، گەڕەکی ماڵی ئیمام جومعەی شار، پشت دوخانیات، شافێعی و تەپەی شافێعی، ڕوودەکی، شاناز، چوارڕای ئازادەگان، سەرقەبران، ساڵحاوا و شەهرەکی جیهاد، قەرەچیئاوا، بەردبران، شاناز، تەپەی ماڵان، قەوخ، شەهرەکی زانکۆ، شیوی جوتیاران، سێ ڕای کانی گەرمکاو، تپەی گورە جوولەکە، بلواری تەربیت، نەخۆشخانەی «ئیمام».

هەروەها لە گوندەکانی:

چۆمەڵوو، چاخلوو، تۆمار قامیش، دەرەسمایل، کاکە سیاو، ئەسراوا، دەرەسلێمان، کارێزە، قەڵاکۆن، قارەوا، ئاڵتوون، مەرخوز، یازیبڵاغی، ئاگجە، گۆگجە، بسام، خوردەلووکی، قشڵاق، هەروەها چەندین گوندی دیکەی ناوچەی سەرشیو و فەیزوڵڵابەگی و ناوچەی قەمچیانی مەریوان.

هەروەها تابلۆی وروودی پۆلیسڕا.

چالاکییەکان لە شاری سەقز تا ڕادەیەک زۆر و بەرین بوو کە لە شەوی جێژندا کە زۆربەی مزگەوتەکان پڕ لە خەڵک بوون، تراکت و ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لە مزگەوتەکان بڵاو کرابووەوە و هەزاران نەفەر تراکت و ڕاگەیەندراوەکانیان بەدەست گەیشتووە.

بەربڵاویی چالاکییەکان بەرادەیەک بووە کە مەلای هەندێک لە مزگەوتەکان نارەزایەتییان دەربڕیوە و سەلەفییەکانیشی تووڕە کرد و لە وتاری ڕۆژی جێژنی ڕەمەزاندا بە توندی هەڵوێستیان گرت و بە دژی ئەو چالاکییە تەبلیغاتییە وتاریان دا و ڕایانگەیاند ئەو چالاکییە تەبلیغاتییە پێوەندی بە مزگەوتەوە نیە و ئەو کەسانەی کە ئەو کارە دەکەن لە ئیسلام بە دوورن و دەیانهەوێ ئیسلام لە لای خەڵک ناشیرین کەن و حکوومەتی ویلایەتی فەقیە ڕاسترینە و ئاڵای ئیسلامی بەرز ڕاگرتووە.

هەروەها لە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا ئیمام جومعەی سەقز زۆر بە توندی بە دژی هێزەکانی پێشمەرگە قسەی کرد و داوای لە لاوان کرد خۆیان بە دوور بگرن لە حیزبەکان.

زۆربەی وتارە دژی حیزبییەکان لە لایەن مزگەوتی ساڵحاوای سەقز و مزگەوتی جامێعە دراوە.

بەڵام لە مزگەوتی حاجی ئاوا لە دۆعای جەژندا ناڕاستەوخۆ دۆعایان کرد بۆ پێشمەرگە و پاراستنی کوردستانی عێراق و هەموو ئەو کەسانەی دژی داعش شەڕ دەکەن.

پێویستە بگوترێ ئەم چالاکییە تەبلیغاتییە لە کەشوهەوایەکی زۆر نیزامی و توند و تۆڵی ڕێژیمدا بەڕێوە چووە، بەڵام ڕۆڵەکانی حیزب زۆر بە لەخۆبردوویی و بەبێ ترس ئەرکە حیزبییەکانیان جێبەجێ کرد.

بۆکان:

ئەندامان و ڕۆڵە نەبەزەکانی دێموکرات لە شاری بۆکان ڕۆژەکانی پێنجشەممە و هەینی ڕێکەوتی ١٧ و ١٨ی پووشپەڕ، بە بڵاوکردنەوەی سەدان بەرگ لە بانگەوازی مانگرتنی گشتی لە نێو خەڵک و بازاڕیان، بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، لەو شوێنانەی شاری بۆکان کار و چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبردووە: «پارکی ساحلی و جادەی کۆستە، مەزگەوتی جامیعەی بۆکان لە کاتی نوێژی هەینی، مەزگەوتی جامیعەی میراوا لە کاتی نوێژی هەینی، مەزگەوتی گوندی کۆستە لە کاتی نوێژی هەینی، پارکی میللەت، ئاتەشنیشانی، پارکی ساحلی، فەرهەنگیانی قەدیم، چوارڕای ئیمام جومعە، فەلەکەی فەرمانداری، جادەحەسار و ئەبووزەر».

هەروەها ئەندامانی حیزب بە ناردنی کورتەنامەی «مانگرتنی شار، دەنگی دلێری شاخە» بۆ بازاڕیان و خەڵکی کارمەندان و ماموستایان و خەڵکی گوندەکان، داوایان لە خەلک کردووە لە مانگرتنی ٢٢ی پووشپەڕدا بەشداری بکەن. لە لایەن تێکۆشەرانی دێموکراتەوە لەشاری بۆکان بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە سێڕای خاوەر تا گوندی ناچێت، بلواری دوکتور قاسملوو، میراوای بۆکان و گوندەکانی جادەی نۆبار لە قەرەکەندەوە تا باغچە و هەروەها گوندەکانی سەر جادەی بورهان چالاکیی تەبلیغاتی کراوە و داوا لە خەڵکی شار و گوند و بەتایبەت بازاریان لە ڕێگای بڵاو کردنەوەی تراکت و کورتەنامەوە کراوە کە لە مانگرتنی گشتیی ٢٢ی پوشپەڕدا بەشداری بکەن.

ورمێ:

ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی لە شاری ورمێ بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی و بڵاوکردنەوەی پۆستێر و تراکتی تایبەت بەو ڕۆژە، یادی شەهیدانی ٢٢ی پووشپەڕیان بەرز ڕاگرت. ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغیی تێدا بەڕێوە چوو بریتین لە: «دزەی سیاوەش، شارەکی دانشگا، تەرزیلوو، شارەکی وەلیعەسر، ٨ی شەهریوەر، شەقامی حوسێنزادە، مزگەوتی نوور و ئابیاری، فەلەکەی ئابیاری، فەلەکەی مادر، قەهوە قەباغی، شەهرەکی ئیسار، شەهرەکی کارگەران، خانەگەل، شەهرەکی شەهریار، شەهرەکی فەرهەنگیان، ڕۆڵ بالاجی، گوندی ئەنهەر، گوندی تالێن، کوشتارگا، ئاغجەقەڵا، جادەی بالانیش، تاناکۆرا، مەدرەسەی ١٣ی ئابان، بیمارستانی ئومید، شەهرەکی بالاو، شەقامی سەمەدزادە، شەقامی شەهید کەرم پیشە، شەقامی شوورا، شەقامی موخابەرات، شەقامی ڕوودەکی، ئەحمەدئاباد، مزگەوتی ئەلواج، ئیسلامئاباد کووچەی ١٤، گەڕەگی سۆفیان و سیلوانا.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری ورمێ لە گوندی گێسیان و شارەدێی دزەی مەرگەوەڕ چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و هەروەها بە نووسینی دروشم لە پێوەندی لەگەڵ ساڵرۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو، پشتیوانیان لە چالاکییەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات دەربڕی.

هەروەها ئەندامان ولایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی دۆڵ سەر بە ورمێ تراکت و وێنەی شەهیدانیان بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە گوندەکانی، ناڕێ، داشاغوڵ، شەهرەکی داشاغوڵ، کەنعانی کوردان و کەنعانی تورکان، دزێ، ساموریێ، جولبەر، باڵستان، شەیتانئاوا، ژاراناوا و ناسرئاباد بڵاو کردووەتەوە.

داڵاهۆ:

قارەمانانی دێموکرات لە شاری کرماشان لە بەشی «گاوارە» لە هەموو کووچە و کۆڵانەکانی ئەم شارە تراکت و پۆستێری پێوەندیدار بە ٢٢ی پووشپەڕیان بڵاو کردووەتەوە و بە نووسینی دروشم داوایان لە خەڵکی ئەو شارە کردووە دووکان وبازاڕ داخەن و لە چوون بۆ سەر کار لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا خۆ ببوێرن.

کرندی غەرب:

ڕۆڵە نەبەزەکانی دێموکرات لە سەیرانگای خاکەچەرموو چالاکیی تەبلیغییان کردووە و لە چەندین شوێن ئارمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان هەڵواسیوە و تراکتی تایبەت بە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕیان بڵاو کردووەتەوە.

ڕێژاو:

شۆڕەسوارانی دێموکرات لە گوندی ڕێژاو بە شێوەیەکی بەربڵاو چالاکیی تەبلیغیان کردووە و وێنەی ڕێبەرانی شەهیدیان لە هەموو کۆڵانەکانی شار هەڵواسیوە.

سەرپێڵ زەهاو:

ڕۆڵە بەئەمەگەکانی دێموکرات لە دەروازەی قەرەبڵاغ، پردی ئەڵوەند، گەڕەکی فەرهەنگیان، گەڕەکی زەعفەران، مزگەوتی جامیعە، پارکی گشتیی شار، کەلی داوود، ناوکەلی سەرپێڵ و شەقامی دوکتورەکان بە بلاو کردنەوەی وێنە و تراکتی تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ یادی شەهیدانی ٢٢ی پووشپەڕیان بەرز ڕاگرت.

قەسری شیرین:

ئەندامان و تێکۆشەرانی دڵسۆز و وەفاداری حیزبی دێموکرات لە زۆربەی کۆڵانەکانی شار تراکت و پۆستێری تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕیان لە پارکی میللەت، دەروازەی شار، شەقامی دوکتورەکان، گاراژی گشتی بۆ کرماشان، سەر ڕێگای چوونە دەرەوەی شار بۆ مەرزی پەرویزخان بڵاو کردووەتەوە.

ڕەبەت:

دڵسۆزانی دێموکرات لە بەرەبەری ٢٢ی پوشپەڕ، ٢٧ـەمین ساڵرۆژی تێرۆری ماموستای مەزن و زانا دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڕێکەوتی ٢١ی پووشپەڕدا، لەو شوێنانەی شاری ڕەبەت چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبردووە کە بریتین لە؛ «گەڕەکی سەرچاوێ و دەوروبەری، کەمەربەندی و مزگەوتی ئیمام شافعی، پشتی دەرمانگا و دەوروبەری موخابەرات، دەوروبەری مەدرەسەی (ابن سینا) و گەرەکی ئاشی».

هەروەها لە سەر ڕێگای سیسێر و نستان، هۆرمزاوێ، هەنداوێ، لیلانێ و نێوان ئەو دوو گوندە چالاکیی بەرینی تەبلیغاتی بەڕێوە چووە، ئەو چالاکیانە لە حاڵێکدا بووە کە ڕێژیم بە تەواوی توانـاوە لە لایەن سیخورەکانیەوە هەموو ناوچەکەی تەنی بوو.

پیرانشار:

ئەمەگدارانی ڕێگای شەهیدان لە شاری پیرانشار لە شوێنەکانی وەک تالاری خەیام، تێرمینالی سەردەشت، فەلەکەی محەممەد ئەوراز، فەلەکەی مامۆستا هەژار، خیابان کاسەکەرا، شیناوێ، کەمەربەندی و کۆنەخانێ، چالاکیی تەبلیغاتی بەڕێوە چووە. هەروەها لە شاری پیرانشار لە ڕێگای کورتەنامەوە داوا لە زۆربەی بازاڕیان و کارمەندانی دەوڵەتی و مامۆستایانی ئاییینی کراوە لە مانگرتنی ٢٢ی پوشپەڕدا بەشداری بکەن.

هەوشار:

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە زۆربەی کۆڵانەکان تراکت و پۆستێری تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕیان بڵاو کردووەتەوە.

هەروەها بە نووسینی دروشم تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی ڕێژیمی ئێرانیان مەحکووم کرد.

سایین قەڵا:

ڕۆڵەکانی دێموکرات لە سایین قەڵا، لە «گەڕەکی کوشتارگاە، فەلەکەی د.قاسملوو، شەقامی سەهەند، دەوروبەری زانکۆی پەیامی نوور، جادەی بۆکانسایین قەڵا، جادەی میاندوئاو، جادەی تیکاب، تێرمینالی قاسملوو، هەروەها لە گوندەکانی حاجیئاوا، قازانڵی، ئەحمەدئاوا، ئاختەپە، داشکەستان، قۆزلۆی هەوشار، ئاغەجەری، گەڕاو، کارێز، گۆزبڵاغ و مەممەڕ، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ڕوانسەر:

ڕۆڵەکانی دێموکرات لە «پارکی گشتیی حەسەنئاوا، دەروازەی ڕەوانسەر بۆ خەراجیان، بەدرئاوا، شەقامی گشتی، هەروەها لە گوندی بیاشۆش» بە شێوەیەکی بەرین چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە و داوایان لە خەڵک کردووە کە دوکان و بازاڕ دابخەن.

تازاوای سەلاسی باوەجانی:

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بە شێوەیەکی بەرین وێنەی ڕێبەرانی شەهیدیان بڵاو کردووەتەوە و لە چوار شوێن ئاڵای کوردستانیان هەڵداوە.

کرماشان:

شێرە کوڕانی دێموکرات لە شاری کرماشان لە گەراجی گشتی بۆ شارەکانی شائاباد، کرندی غەرب، سەرپێڵ زەهاو، قەسری شیرین، تاقوسان، جەوانشیر، دەوڵەتئاوا، مەسکەن، مزگەوتی محەممەد مستەفا، شیرکەت، دەرە درێژ و شارەکی کەشاوەرزی، دەوروبەری بانک، پارکی شیرین، ڕێگای سەرەکی بۆ سەیرانگای تاقوسان، مەیدانی فرۆشتنی حەیوانات و کتێبخانەی گشتی، چالاکیی تەبلیغاتییان بەڕێوە بردووە.

پاوە:

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری پاوە بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغاتی یادی شەهیدانی ٢٢ی پووشپەڕیان بەرز ڕاگرت و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ شەهیدانی ڕێگای ئازادی نوێ کردەوە.

کامیاران :

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری کامیاران بە بۆنەی شەهیدانی ٢٢ی پووشپەڕ لە شەقامی دوکتور قاسملوو، تێرمینالی کامیاران ـ سنە و فەرهەنگسرا ، لە نێوان گەشکی تا کاشتەر، لە سەر ڕێگا و بانەکان، لە سەر تابلۆکانی سەر جادە، لە جادەی گوندی کاوانە، لە جادەی چرۆسانە، جادەی زیویە، جادەی تیلەکۆ و سەر جادەی گازرخانی چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

# کوردستان بەپیر بانگەوازی حیزبی دێموکراتەوە هات

خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا، ڕۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە دوای بانگەوازی مانگرتنی گشتی، دوکان و بازاڕەکانیان داخستووە.

بەپێی ئەو ڕاپۆراتانەی بە دەست ماڵپەڕی کوردستان میدیا گەیشتووە، شارەکانی سەقز، مەهاباد، شنۆ، مەریوان و ورمێ دوکان و بازاڕیان داخستووە و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ حیزبی دێموکرات و شەهیدان نوێ کردەوە.

بەرپرسانی ئیدارەی ئەماکنی ڕێژیمی ئێران لە شاری سەقز هەڕەشەیان لە دوکانداران و بازاڕیان کردووە کە نابێ مانگرتن بەڕێوە بەرن. هەروەها ڕێژیمی ئێران لە ڕێگای ئۆرگانەکانی دیکەی سەرکوتکەری وەکوو ئیتلاعات و سپا، هەڕەشەی تایبەتی لە زۆربەی ئەو کەسانە کردووە کە پەروەندەیەکی سیاسیان هەیە یان کەسێکیان سیاسیە، کە بە هیچ شێوەیەك نابێ هەوڵ بدەن ئەو مانگرتنە سەر بکەوێ. ئەم هەڕەشانە بە شێوەی سەردان کردن، بانگهێشت کردن و پێوندی لە ڕێگای تەلەفۆنەوە بووە. ڕێژیمی ئێران لە شاری شنۆ تەلەفۆن بۆ دوکانداران دەکات و بە زۆر دوکانەکانیان پێ دەکاتەوە.

هەروەها لە شارەکانی ورمێ و مەهاباد و مەریوانیش خەڵک وەڵامی بانگەوازی حیزبی دێموکراتیان لەمەڕ مانگرتنی گشتیی داوەتەوە و خەڵک پێشوازییان لە بانگەوازی حیزبی دێموکرات کردووە.

لە شاری پیرانشاریش بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران هەڕەشەیان لە خەڵک و دوکانداران کردووە کە نابێ دوکان و بازاڕ دابخەن.

بەپێی ڕاپۆرتەکان ڕێژیمی ئێران لە دزەی مەرگەوەڕی ورمێ، ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم وێنەی ئەو دوکانانەی کە داخراونی گرتووە.

هەروەها هێڵی ئینتێرنێت لە شارەکانی کوردستان یا پچڕاوە یا زۆر لاوازە.

بەپێی ئەو هەواڵەی کە بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا گەیشتووە لە شاری مەهاباد بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو دوکان و بازار داخراوە و هاتوچۆی خەڵک زۆر کەم بووە.

لە شارەکانی سنە، پیرانشار، کرماشان، پاوە و نەغەدە، هەواڵنێرانمان ڕایانگەیاند کە وێڕای پچڕانی هێڵی ئینتێرنێت کە ڕێژیم بۆ کپکردنی دەنگی خەڵک ئەو کارەی کردووە، هەواڵی مانگرتن لە شارەکانی کوردستان بە نێو خەڵکدا بڵاو بۆتەوە و ئەو چالاکیانەی خەڵک توانراوە بە ڕێگای دژوار بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا بگەیەندرێن.

هەواڵنێرانی کوردستان میدیا لە شارەکانی سنە، کرماشان، پاوە، پیرانشار، مەهاباد، سەقز، بۆکان، شنۆ، مەریوان، کامیاران و ورمێ ڕایانگەیاند کە ڕێژیم هێزی زۆری لە نێو شارەکان جێگیر کردووە و لە هەر ماشین و کەسێک کە بەگومان بن، دەپرسنەوە. ئەو شارانەی کوردستان کە بەشێوەی ڕێژەیی بەشێکی دوکان و بازارەکانیان داخرابوون بریتین لە؛ شارەکانی بانە، دیواندەرە، کامیاران ، سەردەشت و سەولاوا. لەو شارانەدا بەشێوەی ڕێژەیی دوکان و بازار داخرابوون و جووڵەی هێزەکانی ڕێژیم لە نێو شاردا بە شێوەی بەرچاو دیاربوو. شارەکانی سنە و بۆکان و پاوە و سەقز و مەریوان و دیواندەرە و چەندین شوێنی دیکە لە دوانیوەڕۆشدا مانگرتنیان بەردەوام بووە و بەتایبەت لە شاری سنەدا مانگرتن بەشێوەیەکی یەکجار بەرچاو بەڕێوە چوو و سەرتاپای شوێنە قەرەباڵغەکانی شار مانگرتنیان پێوە دیار بوو.

بەپێی هەندێک زانیاری، لە شاری کرماشان، هێزەکانی ڕێژیم لەداخی داخستنی دووکانەکان، لە چەند شوێن قوفڵی دوکانەکانیان شکاندوە.

# سپاسنامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە خەڵکی کوردستان

بۆ کۆمەڵانی تێکۆشەری خەڵکی کوردستان

بەدوای بانگەوازی کۆمیسیونی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و داواکردن لە کۆمەڵانی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان بە مەبەستی ئەنجامدانی کردەیەکی ئیعترازیی بەرین و تێکرایی لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ، بیست و حەوتەمین ساڵڕۆژی تیرۆر کردنی دوکتور قاسملوو، بۆ مەحکووم کردنەوەی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەربڕینی بێزاری لەو ڕێژیمە و چەند پات کردنەوەی وەفاداری بە ڕێباز و سیاسەتەکانی حیزبی قاسملوو و لەوەش زیاتر بە مەبەستی پێشوازی کردن لە بەرینتر کردنەوەی خەبات و گرێدانی خەباتی شاخ و شار، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ پێشگرتن بە وەها حەرەکەتێک وەک هەمیشە پەنای بۆ هەڕەشە کردن لە خەڵک بە تایبەتی کاسبکاران برد و لە ڕێگای دەزگاکانی ئیتلاعاتی، سوپای پاسداران، ژووری بازرگانی و ئەسناف و...، هەوڵی‌دا خەڵکی کوردستان لە ژێر گوشار و زەخت و زۆر و هەڕەشەدا وەڵامی ئەرێنی بەم بانگەوازە نەدەنەوە. بەڵام کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان سەرەڕای هەموو ئەو هەڕەشانە و نیزامی کردنی کەش و هەوای شارەکان، بە لەخۆگرتنی هەزینەی ئەنجامدانی وەها حەرەکەتێک، وەڵامێکی ئەرێنی و شیاوی خەباتگێڕیی خۆیان بە بانگەوازەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دایەوە و دەستێکی بەهێزیان بە سینگی ڕێژیم و دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانیەوە نا، ئەوان بە داخستنی دوکان و بازار و نەچوون بۆ سەر کار و ڕەچاوکردنی ڕێنوێنییەکانی حیزب لەو پێوەندییەدا، وەک ساڵانی پێشوو نیشانیان دا، نەک لە پێداگری لەسەر بیر و باوەڕەکەیان و داخوازە سیاسی و ئەساسییەکانیان سوور و پێداگرن، هەروا پاڵپشتی بەهێزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن، بەڵکوو سەلماندیان کە هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان لەخۆ دوور خستووەتەوە و لەو باوەڕەدان ئەو ترسە بۆ هەمیشە دەبێ بڕژێ. بۆیە دوێنێ سێشەممە هەموو لایەک نیشانەکانی ئازایەتی و چاونەترسی و خەباتگێڕی و خۆڕاگریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیان لە نێو تەم و مژی هەڕەشە و فشارەکانی ڕێژیمدا بە بەرز کراوی دیت و دڵنیاییان دا بە هەموو لایەک کە شار دەنگ و پەیامی شاخی بیستووە و بە دڵ و گیان وەری گرتووە و هەموو شێوەکانی خەباتی ڕەوایان دەستەملانی یەکتر کردووە.

پیرۆز بێ لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەو وشیارییە سیاسییە

ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد!

خەڵکی زامدار و ماف پێشێلکراوی کوردستان!

ئێوە بە ئازایەتی و چاونەترسیی خۆتان لە ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ ٢٧ـەمین ساڵڕۆژی تیرور کردنی دوکتور قاسملوودا، هەم مستێکی توندتان لە دەمی ڕێژیمی تیروریست و تیرور پەروەری کۆماری ئیسلامیی ئێران دا و هەم وەفاداریتان بۆ ڕێبازی دوکتور قاسملوو و سیاسەت و بڕیارەکانی حیزبی خۆتان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دووپات کردەوە و هەمیش بە گرینگ نرخاندنی لێک گرێدانی خەباتی شاخ و شار، وەڵامێکی شیاوتان بە گوێی دۆست و دوژمنان گەیاند و ئەو مژدەیەتان دا کە لە داهاتوودا شارەکان لە ڕابردووش زیاتر دەبنە مەکۆی خۆڕاگری و خەباتی ڕەوا لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا. نیشانتان دا کە خەبات لە پێناو گەیشتن بە مافە دێموکراتیک و نەتەوایەتیەکانمان ئەرکی یەک یەکی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە و سەلماندتان کە بە یەکدەنگی و یەک هەڵوێستی دەکرێ و دەشێ بەسەر دوژمنانی کورد و نەیارانی کورددا سەر بکەوین و پیلانە ڕەنگاوڕەنگەکانیان پووچەڵ بکەینەوە. بە تایبەت کە هاوکات لەگەڵ بە پیلەوهاتنی شار لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، ڕۆڵەکانی کورد لە وڵاتانی دەرەوە و لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بە بەڕێوەبردنی حەرەکەتی ئیعترازی و ڕێوڕەسمی تایبەت، دەنگی خۆیان هەڵبڕی و هەنگاوی شیاویان نا.

ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو حەرەکەتە ئیعترازییە بەرین و بەرچاوەتان وێڕای پیرۆزبایی پێگووتن، بەرز و شوێندانەر دەنرخێنێ و وەک سەرەتایەک بۆ خەباتێکی بەرینتر لە سەرتاسەری کوردستان سەیری دەکا و وەک هەمیشە بە پشتیوانی و پشتگیریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پشت ئەستوورە.

جارێکی دیکە سڵاو و سپاس بۆ ئەندامان، لایەنگرانی حیزب و هەموو ئازادیخوازانی کورد لە ڕۆژهەڵات کە بەشێوەیەکی بەرچاو پەیامی حیزبیان گەیاند و هەروەها بۆ بەشدارانی حەرەکەتە شیاو و شوێندانەرەکەی ڕۆژی سێشەممە ٢٢ی پوشپەڕی ئەوساڵ.

بەردەوام و یەکگرتوو بێ خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان، شوێندانەرتر بێ خەباتی لێک گرێدراوی شاخ و شار، سەر کەوێ خەباتی تێکڕایی لە پێناو گەیشتن بە ئاوات و ئامانجی شەهیدان و ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٢٣ی پوشپەڕی١٣٩٥ی هەتاوی
١٣ی جولای٢٠١٦ی زایینی

# خەڵکی دێموکراتپەروەری ناوچەی ژاوەرۆی سەوڵاوا بە توندی وەڵامی ڕاگەیاندنەکانی ڕێژیمی داگیرکەری ئێران دەدەنەوە

خەڵکی ژاوەرۆی سەوڵاوا بانگەشەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەمەڕ یارمەتیدانی خەڵکی گوندی بۆڕیەر بە هێزەکانی ڕێژیمی ئێران بە توندی ڕەت دەکەنەوە.

خەڵکی ژاوەرۆی سەوڵاوا، بانگەشەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ڕاگەیاندنەکانی سەر بە باڵی سەربازیی ئێران، واتە سپای پاسداران، کە باس لەوە دەکەن خەڵکی ژاوەرۆی سەوڵاوا بە تایبەت خەڵکی گوندی بۆڕیەر یارمەتییێکی بێوێنەی هێزەکانیان کردووە لە ڕۆژانی ڕابردوودا بە دژی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە توندی ڕەت دەکەنەوە.

دەقی پەیامی خەڵکی ناوچەی ژاوەرۆی سەوڵاوا:

«ئەوەی بۆ هەمووان لەبەرچاوە و زۆر ڕوونە، ئەمە پیلانی نوێی ڕێژیمە کە بەردەوام شەڕی ڕەوانی دروست دەکات و بە پڕوپاگەندەی بێ بنەما و بە دوور لە هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو خەڵکی کوردپەروەری کوردستان دەشڵەژێنێت و بە شێوەیەکیش هەڵیاندەسەنگێنێت. بەڵام خەڵکی ورەبەرز و ئیمانپتەو بە نیشتمان، قەت فریوی ئەم پیلانە نوێیانەی نەیار ناخوات و بە پێچەوانەشەوە وەڵامی کاریگەریان دەبێت بۆ ئەو هێرشە جۆراوجۆرانەی نیزامی تێرۆریستی.

ئەوە تەشکیلات و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لێی ئاگادارە کە خەڵکی کوردستان چۆن لەگەڵ نەیاری خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن.

بە تایبەت جەخت دەخەینە سەر خەڵکی ژاوەرۆ ، زۆرتر ژاوەرۆی سەوڵاوا کە ڕێژیم بە پیلانی خۆی باسی لێوە دەکات.

خەڵکی کوردپەروەر و هەمیشە دێموکراتی ناوچەی ژاوەرۆ، لە سەرەتای ڕاسانی حیزبی دێموکرات لە نێو خۆی وڵاتدا، دەستیان بە چالاکییەکی بەرچاو و گشتی کردووە و هەروەها بە هەموو گوندەکان و ناوچەکانی دەوروبەریەوە، پشتیوانییەکی بێوێنەی هێزی پێشمەرگەیان کرد و دژ بە داگیرکەر وەستان و سەلماندیشیان زۆر بە شەوق و تاسەیەکی بێوێنەوە پێشوازییان لە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە دوای ٢٠ ساڵ بە شێوەی فەرمی کرد.

کۆماری داگیرکەر چاک دەزانێت کە خەڵکی کوردستان بە چ شێوازێکی بەرین لە پێشەوەی هەنگاوەکانی هێزی پێشمەرگەوە بوون.

خەڵکی سقیلی کوردستان نە تەنها بەرپرسیارەتی خۆیان لە چالاکیی پێشمەرگە بە ئەستۆ گرت و بە دژی کۆماری دژە گەلیی وەستان، بەڵکوو پێشمەرگەیەک بوون لەم قۆناغە نوێیەدا و گیان و ماڵی خۆیان لە سەر دەست دانا بۆ پێشکەش کردن بە کوردستانی خۆڕاگرمان.

ئەوەی خەڵکی ژاوەرۆ و بە تایبەت بۆڕیەر کردیان، بۆ ڕێژیم سەرسام هێنەر بوو و وەڵامێکی جدیش بوو بۆ ڕێکخستنەکانی ڕێژیمی تێرۆریستی.

ئێمە تەنها خەڵکی کوردستان لە ڕاگەیاندنەکاناندا بە بەردەنگ دەزانین و خۆیان چاک دەزانن چییان کردووە و پێویست نیە باس لە وردەکاری و زانیارییەکانی خەبات و تێکۆشانیان بکەین.

ئەمڕۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگا لە خۆرهەڵاتی وڵات پێویستە کە بە هەستیاری هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ پیلانە تیرۆریستی و دەست تێوەردانەکانی دوژمن. هێزی پێشمەرگەی خۆرهەڵاتی کوردستان بە گشتی بەرەو یەکڕیزییەکی پتەو و تەباییەکی بەلەرزە هێنەری نیزامی ستەم و داگیرکەری هەنگاو دەنێ.

بەو هۆیەشەوە ئەبێت چاوەڕوانی هەموو شێوە هێرشێک بین و خۆمان لە هەموو بوارێکدا ڕێکبخەین و نەکەوینە ژێر کاریگەرییەکانی چالاکیی نەیارانمان.

ڕاگەیاندنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ژاوەرۆی سەوڵاوا و سنە

پشتگیری بۆ هێزی پێشمەرگە و ئەو کەسانەش کە لە کوردستان بە تۆمەتی پڕوپاگەندە، دەست بەسەر دەکرێن.

سڵاو بۆ ڕۆحی پاکی شەهیدانی نوێ و ڕابردوومان

سڵاو بۆ خەڵکی خۆڕاگری کوردستان

سڵاو بۆ بەندکراوانی سیاسی

بڕووخێ کۆماری ئیسلامیی ئێران»

# مێهدی زانا پشتیوانیی خۆی لە خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات دەربڕی

«مێهدی زانا» کەسایەتی ناسراوی باکووری کوردستان لە سەردان بۆ دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پشتیوانیی خۆی لە خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات دەربڕی.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، «مێهدی زانا» کەسایەتی ناسراوی باکووری کوردستان و هاوسەری خەباتکاری ناسراوی گەلی کورد «لەیلا زانا»، بە مەبەستی دووپاتکردنەوەی پشتیوانی خۆی لە حیزبی دێموکرات و خەباتی نوێی کوردستانی ڕۆژهەڵات، سەردانی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە شاری هەولێر کرد.

مێهدی زانا لەو سەردانەدا وێڕای دەربڕینی هاوخەمی بە بۆنەی شەهیدانی ئەم دواییەی حیزبی دێموکرات، وەبیری هێنایەوە کە هەروەک چۆن لە ساڵی ١٩٧٩ی زایینی بە مەبەستی پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات سەردانی د. قاسملوو و حیزبی دێموکراتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کرد، ئێستاش بە هەمان نەفەسەوە ئامادەی هەر هاوکاری و پشتگیرییەک لە خەباتی حیزبی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندین و داوای لە هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر کرد کە لەو مەیدانەی خەبات دژی ڕێژیمی ئێراندا هاوکار و پشت و پەنای حیزبی دێموکرات بن.

لەو سەردانەی «مێهدی زانا» لە نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات، لە لایەن «محەممەد ساڵح قادری» بەرپرسی دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە شاری هەولێر، بە نوێنەرایەتی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران «مستەفا هیجری» پێشوازی لێ کرا و زانیاری پێویست لە سەر بارودۆخی کوردستانی ڕۆژهەڵات و دوژمنکارییەکانی ڕێژیمی ئێران دەرهەق بە گەلەکەمان و خەباتی حیزبی دێموکراتی بۆ ڕوون کرایەوە.

# ڕێکخراوی UNPO بە توندی تۆپبارانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران مەحکووم دەکات

ڕێکخراوی UNPO لە بەیانییەیەکدا دەستدرێژییە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باشووری کوردستان مەحکووم دەکات.

ڕێکخراوی نەتەوە بێدەوڵەتەکان بە توندی دەستدرێژییە نیزامییەکانی ئێران بۆ سەر کوردستانی ئێران و عێراق مەحکووم دەکا. دوای ١٥ی جولای ٢٠١٦، ڕەوشی ناوچەکە بەهۆی تۆپبارانەکانی گوندەکان لە لایەن هێزەکانی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە کۆنترۆڵ دەرچووە. ئەو تۆپبارانانە بووەتە هۆی بریندار و ئاوارەبوونی خەڵکی مەدەنی کە لە ناویاندا منداڵیش هەبووە.

ڕێکخراوی نەتەوە بێدەوڵەتەکان لە بەیانییەیەکدا هێناویە کە: «دوابەدوای تێکهەڵچوونەکانی نێوان هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزەکانی سپای پاسدارانی ئێران لە ڕێکەوتی ١٥ی جولای، هێرشەکانی ئێران پەرەی سەندووە و بەرەو تۆپباران کردنی ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور ڕاکێشراوە.

حکوومەتی ئێران سیاسەتێکی توندی ستەمکارانەی بەرانبەر بە دانیشتوانی کورد و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێخکراوەکانی دیکەی کوردی گرتۆتە پێش و زیندانی، ئەشکەنجە و لەسێدارەیان دەدا. بە لەبەرچاو گرتنی ئەم بارە ئەمنیەتییە، کادرەکانی حیزبی دێموکرات بۆ دیفاع کردن لە خۆیان، هێزی پێشمەرگەیان لەگەڵە.

ڕێژیمی ئێران لەماوەی ڕابردوودا هەڕەشەی لە حیزبی دێموکرات و بنکەکانی لە باشووری کوردستان کردووە و هاوکات هەڕەشەی هێرشی سەر کەمپەکانی پەنابەرانی کردووە لە هەمان ناوچە. حوسێن سەلامی، جێگری گشتیی فەرماندەی گشتیی سپای پاسداران، هەڕەشەی کردووە کە بە «دەیان هەزار مووشەک» هێرش بکاتە سەر باشووری کوردستان».

هەروەها لە بەیانییەی ئاماژە بۆ کراودا هاتووە کە؛ «UNPO داوا لە حکوومەتی ئێران دەکات کە بە زووترین کات دەست لە دەستدرێژییە نیزامییەکانی لە ناوچە کوردنشینەکانی سنوورەکانی ئێران و عێراق هەڵگرێت. UNPO فشار بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دێنێت بۆئەوەی پرسی هێرشەکانی ئێران بۆسەر خەڵکی مەدەنی بەرز بکەنەوە و هاوکات پشتوانیی بەردەوامی خۆی ڕادەگەیێنێت بۆ هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی دێموکراتخواز کە لە خەباتدان بۆ وەدەست هێنانی دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی».

# کۆمەڵێک لە دڵسۆزانی ڕێبازی دوکتور قاسملوی نەمر لە شارەکانی مەهاباد و شنۆ چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد

کۆمەڵێک لە دڵسۆزان و خەمخۆرانی حیزبی دێموکرات و ڕێبازی دوکتور قاسملوو کە ئەندامی حیزبیش نین، بەشێوەی بەرین چالاکیی تەبلیغییان بۆ مەحکوم کردنی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە بردووە.

پۆلێک لەم دڵسۆزانەی کورد و کوردستان لە شاری شنۆ لە کۆڵانی قەبری شەهیدان، حەنەفیان، مام تەمر و قاوەخانەی کاک مەناف لە سەر پردی بازاڕ، بەشێوەیەکی بەربڵاو چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە و بەم شێوەیە ئەمەگناسیی خۆیان بۆ ڕێبازی شەهیدان دەربڕیوە.

هەروەها لە شاری مەهاباد خەمخۆرانی ڕێبازی قاسملوی مەزن لە کوی زیبا، شەهرەک، دەوروبەری زانکۆی پەیام نوور، سنجاناوا، مەیدانی حەیوانان، باخی شایگان و پشتەپی مەهاباد بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی وەفادارییان بۆ ڕێبازی کەسکی سەرداری دێموکراسی نیشان داوە.

# کوژراوەکانی سوپای پاسداران لە شەڕی سەوڵاوا و بۆڕیەر، لە ژێر ناوی دیکەدا دەشارنەوە

سوپای تیرۆریستیی پاسداران، دوای شەڕ لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە سەوڵاوا و بۆڕیەر، لەمەڕ کوژراوەکانی لەو شەڕەدا بە شێوەی جۆربەجۆر چەواشەکاری دەکات.

بەپێ زانیارییەکان، سوپای تیرۆریستی پاسداران لە شەڕ لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، تەڵەفاتێکی قورسی داوە و چەندین کوژراو و بە دەیان برینداری بووە کە لەبەر دانەبەزینی ڕووحیەی پاسدار و بەکرێگیراوەکانیان، ژمارەکانیان ڕانەگەیاند و تەنیا باسیان لە چوار کوژراویان کرد.

بەپێی ئەو زانیاریانەی بەدەستمان گەیشتوون سوپای پاسداران کەلاکی کوژراوەکانی و هەروەها بریندارەکانی بۆ شارەکانی دەوروبەر گواستۆتەوە، تاکوو ژمارەی دروست دەستی خەڵک نەکەوێ و ئێستا کە کەلاکەکانی بەسەردەستیەوە ماوەتە، لە ژێر ناوی جۆربەجۆردا دەیەوێ کەلاکەکان چاڵ بکا. بەپێی هەواڵە بڵاوبووەکان، هێزەکانی ڕێژیم ڕۆژی پێنجشەممە ٢٤ی پووشپەڕ، لە مەریوانەوە کەلاکی ٣١ پاسداریان گواستەوە بۆ سنە و گوایە ئەم ٣١ کەلاکە پاشماوەی شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران و عێراقن و تازە دۆزیویانەتەوە!

ئەوەیکە ئەو کەسانە کە کەلاکەیان دۆزراوەتە کێن و دەقیقەن چ کاتێک دۆزراونەتەوە؟ هەروەها بەقسەی خۆیان لە چەند شوێنی جیاوازی عێراق دۆزراونەتەوە، بەڵام هەموویان هێناوەتە مەریوان و لەوێ دەیگوازنەوە لە بەر چیە؟ و ... چەندین پرسیاری دیکە نیشان لە ناڕاستبوونی هەواڵەکانی ڕێژیم دەدەن.

بەپێی هەندێک زانیاری، سوپای پاسداران دەیەوێ کەلاکی کوژراوەکانی بەناوی جۆربەجۆر و یەک لەوان پاشماوەی شەڕی ئێران و عێراق و هەروەها کوژراوەکانی شەڕی پاسداران لە سووریە و ... ڕابگەیەنێ و بەم شێوازە لە ژێر باری چەواشەکارییەکانی دەربچێ.

# هەیئەتێکی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە شاری سلێمانی سەردانی پارتی پێشڤەڕۆی کورد لە سووریەی کرد

هەیئەتێکی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە سەردان بۆ پارتی دێموکراتی پێشڤەڕۆی کورد لە سووریە ڕەوشی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایان تاوتوێ کرد.

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٨ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێکی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سلێمانی بە سەرپەرەستیی »تاهیر مەحموودی»، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات، سەردانی «حەمید دەروێش» سکرتێری پارتی دێموکراتی پێشڤەڕۆی کورد لە سووریەیان کرد. لەو دیدارەدا، باس لە ڕەوشی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کرا و ئەو هەڕەشە و مەترسیانە کە ڕووی لە خەباتی ئەو دوو بەشەی کوردستانە، کەوتنە بەرباس. نوێنەری حیزبی دێموکرات وێڕای ئاماژە بە بارودۆخی حیزبی دێموکرات، بە سەرنجەوە ڕا و بۆچوونەکانی «حەمید دەروێشی» وەرگرت.

کوردستان

# ئێران، دیکتاتۆریی نێوخۆیی و ناسەقامگیریی دەرەکی

مستەفا هیجری



حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) کە زیاتر لە ٧٠ ساڵ خەبات و ئەزموونی سیاسیی هەیە، لەم ماوەیەدا بۆ بەدیهێنانی ئیستراتژیی دێموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد لە ئێراندا دەستی بە خەباتێکی نوێ کردووە.

لەم پەیوەندییەدا هێزەکانی پێشمەرگەی ئێمە ناردراونەتەوە و بەشدارییەکی بەهێزیان لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی ئێراندا هەیە. لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا، پێکدادانی قورس لە نێوان سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان ڕووی داوە کە تێیدا دەیان کەس لە هێزەکانی سوپای پاسداران و لە نێویاندا ئەفسەرە پایەبەرزەکانیان کوژراون یان بریندار بوونە.

ئێستا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە درێژایی سنووری ئێران و عێراق بنکەی هەیە کە ڕاهێنان و ڕێکخستنی نیزامی بەو گەنجانە دەکات کە بە ڕیزەکانمان پەیوەست بوونە. خەباتی ئەمجارە لە چەند ڕەهەندێکەوە لە خەباتە چەکدارییەکانی پێشووتر جیاوازە، بۆ نموونە هاوشانی حیزبی دێموکرات، ڕێکخراوەکانی دیکەش وەکوو یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەگەڕ کەوتوون.

لە چوارچێوەی ئەم خەباتەدا، حیزب هێزە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی لە نێوخۆی کوردستانی ئێراندا ڕێك خستوەتەوە و بۆ بەرەنگاربوونەوەی ستەمکارییەکانی ڕێژیم ئامادەی کردوون. چالاکانی مەدەنی لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرەیەکی گشتگیردا کار بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە کوردستانی ئێراندا دەکەن کە بە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەناسرێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتیی ئەم خەباتە لە ئێراندا دەکات و بە ئەرکی ئەخلاقیی خۆی دەزانێت کە پشتیوانی لە بزووتنەوە نەتەوەییەکانی دیکەش بکات. ئەمەش هۆکاری سەرەکیی بەشداربوونی حیزب لە دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵدایە کە چەترێکە بۆ کۆکردنەوە و هاوکاری لەگەڵ عەرەب، ئازەری، بەلووچ، تورکمەن و هەروەها ڕێکخستنە کوردییەکانی دیکە. گومانی تێدا نیە کە داهاتووی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی ئێران وەکوو کورد، عەرەب، تورك و بەلووچ ئاکامی گرینگی بۆ جیهان دەبێت. ئەم خەباتە تەنیا ڕێگایەکە کە دەکرێ هاوکات بەرەوڕووی دیکتاتۆریی نێوخۆیی و ڕۆڵە نێونەتەوەییە تێکدەرانەکەی بێتەوە.

ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێراندا پشتیوانی لە هەر هەوڵێك دەکەین کە پێشگیری لە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە هەر جۆرە چەکێکی کۆمەڵکوژ بکات، چوونکە حکوومەتی ئێران لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا سەلماندوویەتی کە کورد و گرووپە ئیتنیکیەکانی دیکە دەبنە یەکەم قوربانیی ئەم جۆرە چەکانە. دەسەڵاتدارانی ئێران هەرگیز لە بەکارهێنانی هەر چەشنە ئامرازێك کە لە بەردەستیاندا بێت بۆ کوشتوبڕی کەمایەتییەکانی نێو ئێران دوودڵ نەبوونە.

نزیکەی ساڵێك دوای ڕێککەوتنی ناوکیی ئێران، ئەوە زیاتر ڕوونە کە تاکوو ئێستا تاران بەردەوامە لە دروستکردنی هەڕەشەی جیدی لەسەر سەقامگیریی ناوچەکە و ئاشتیی جیهان. هەوڵەکانی ئێران بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی لەسەر ناوچەکە یارمەتیدەر بووە بۆ گەشەی تیرۆریزم و دوژمنایەتی. ئێران تاکوو ئێستاش گەورەترین پشتیوانی تیرۆریزم و سەرچاوەی سەرەکیی ئاژاوە لە ناوچەدایە. هاوکات لە نێوخۆی ئێراندا، لەسێدارەدانی چالاکانی سیاسی بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر بەرز بووەتەوە و ئازار و ئەزیەتی نەتەوەکان و ئایینەکان زیادی کردووە.

بارودۆخی کەمایەتییە نەتەوەیی، ئاینی و جیندەرییەکان زۆر خراپە و ڕێژیم لە هەوڵدایە تاکوو لە ڕێگای سەرکوتی دڕندانە و سانسۆری دژبەرانەوە، گرووپە جۆراوجۆرەکانی نێوخۆی ئێران لە نێو ببات.

خۆ بە بەرزتر زانینی (supremacism) شیعەی فارسی هۆکاری سەرەکیی دەستێوەردانەکانی ئێران لە ناوچەدایە و تا کاتێك کە ئەم ڕێژیمە بوونی هەبێت، ئاشتی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونی نابێت. ئێرانییەکان زیاتر لە سەدەیەکە بەهۆی ئەم خۆ بە بەرزتر زانینەوە ئازار دەچێژن و ئەمە سەرچاوەی بەردەوامیی دیکتاتۆری لە ئێرانی هاوچەرخدا بووە. ئەمەش تەوەرێکی گرینگە کە پەیوەندیی هەیە لە نێوان دوو گرفتی سەرەکیی ئێراندا کە بەردەوام بەرهەم دێنەوە: دیکتاتۆری لە نێوخۆ و ناسەقامگیری لە دەرەوە. لەبەر ئەوە، ئێمە لەو باوەڕەداین کە خەباتی گەلانی ئێران بۆ کۆتاییهێنان بەو خۆ بە بەرزتر زانینە و دەوڵەتی ناوەندگەرا، دەتوانێ کلیلێك بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە تێڕوانینیان بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشانە بێت کە ئێران دەیکاتە سەر ئاشتیی نێونەتەوەیی و بەتایبەتی سەقامگیریی ناوچەکە. بەم شێوەیە، دەبێ بڵێین ئەوەی کە ئێران مەترسیدار دەکات، جۆری ئەو چەکانە نیە کە لە بەردەستیدایە، بەڵکوو زیاتر لەوە فراوانخوازی و تۆتالیتاریزمە، دوو بەریانی تێکئاڵاو کە لە خۆ بە بەرزتر زانینی شیعەگەریی فارسییەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆیە ئێمە لەو باوەڕەداین کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و هێزە ناوچەییەکان لە گەڕانیان بەدوای ڕێگایەکی باشتردا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشانەی کە لەلایەن ئێرانەوە دەکرێتە سەر سەقامگیریی ناوچەکە، پێویستە فرەکولتوور بوونی ئێران وەکو ڕاستییەك لە بەرچاو بگرن. پرسی سەرەکیی نەتەوەکانی ئێران، دێموکراسییە و خەباتیان دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران کلیلی وەرچەرخانی ئێرانە لە وڵاتێکی سەرکێشەوە بۆ دامەزراوەیەکی ئاشتیخواز لە ڕێگای سیستەمێکی کۆنترۆڵ و هاوسەنگییەوە.

بە کورتی، ئێمە پێمان وایە کە هاوپەیوەندییەکی ئیستراتژیك لە نێوان داخوازییەکانی نەتەوەکانی نێو ئێران و ئەکتەرە سەرەکییەکانی ناوچەدا هەیە کە دەتوانن نەزمێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدی بێنن کە ببێتە بنەمای ئەمنیەتی جێگیر و ئاشتیی بەردەوام.

سەرچاوە: ئورشەلیم پۆست

# ٢٢ی پووشپەڕ،
# ڕۆژی سەرکەوتنی مەزنەئامانجی لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ

ڕەزا فەتحوڵڵانژاد




لە ٢٧ەمین ساڵڕۆژی تیرۆری ڕێبەری مەزنی گەلی کورد، دوکتور قاسملووی نەمردا، زۆربەی شار وشارۆچکەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەسەر داوای حیزبەکەی دوکتور قاسملوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە شێوەی جۆراوجۆر و بەتایبەت بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان و حیزبی دێموکرات نوێ کردەوە. مانگرتنی ٢٢ی پووشپەڕی ئەمجارەی خەڵکی کوردستان لە باری ڕادەی بەشدارییەوە بەرینتر و لە باری گەیاندنی پەیامەوە بەرزتر و بەربڵاوتر بوو.

یەکەم مانگرتنی گشتی ٢٢ی پووشپەڕ لە ساڵی ١٣٨٤دا بوو، کاتێک خەڵکی شاری مەهاباد لە جەرگەی ڕاپەڕینە بەشکۆکەی هاوینی ٨٤ی ڕۆژهەڵاتدا، بە تێکڕایی بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان، بێزاریی خۆیان لە تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی دەربڕی و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدانی حیزب و گەل نوێ کردەوە. لە ماوەی ساڵانی ١٣٨٥-١٣٩٠دا، هاوکات لەگەڵ ئەوەی گوشارەکانی ڕێژیم بۆ سەر دووکاندار و کاسبکارانی کورد ساڵ بە ساڵ زیاتر و زیاتر دەبوو، بەشێکی بەرچاو لە شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە پەیوەستبوون بەم مانگرتنە گشتییە، ئاستی ئامادەیی خەڵکیان بۆ وەڵامدانەوە بە بانگەوازەکانی حیزبی دێموکرات و بەهێزیی پێگەی جەماریی ئەم حیزبەیان زیاتر و زیاتر نیشان دا. بەڵام مانگرتنی ئەمساڵ، جگە لەو پەیامە بەنرخ و کاریگەرانەی باس کران، پەیامێکی دیکەی لەگەڵ بوو، ئەویش وەڵامدانەوەی شار بە خەباتی شاخ بوو، وەک چۆن لە بانگەوازی ئەمساڵی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبدا هاتبوو.

هەر لە پەیامی نەورۆزی ئەمساڵی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبەوە وەرچەرخانێکی مەزن لە شێوەی تێڕوانین بۆ خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەڕۆژەڤکردنەوەی پرسی کورد لەو بەشە و بەکردەوە بەرەوپێشبردنی بەرخۆدانی نەتەوەیی هاتە ئاراوە، وەرچەرخانێک کە بەرهەمی بڕیارێکی مێژوویی بوو، واتە ناردنەوەی پێشمەرگە بۆ نێو گوند و شارەکانی ڕوژهەڵات پاش نزیک بە بیست ساڵ و هاوتەریب لەگەڵی، گرێدانی خەباتی شار و شاخ. حیزبی دێموکرات ڕاسانی مێژوویی هێنایە ئاراوە و لەو پێناوەشدا تا هەنووکە یازدە کەس لە باشترین ڕۆڵەکانی ئەم گەلەی پێشکەشی بارەگای ئازادیخوازی کرد. دواتر نۆرە گەیشتە شار و پێویست بوو شار و گوندیش وەڵامی شاخ بدەنەوە، جا بەو بۆنەوە چ ڕۆژێک پڕماناتر و گرینگتر لە ٢٢ی پووشپەڕ بوو. هەر بۆیە ٢٧ەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی مامۆستای دێموکراسی و پێغەمبەری ئاشتی وەکوو ڕۆژی وەڵامدانەوەی شار بە شاخ دیاری کرا. لە ئاکامدا هەر بەو جۆرەی دۆست و دوژمن چاوەڕێیان دەکرد و حیزبی دێموکرات لێی دڵنیا بوو، شار وەڵامی ئەرێنی بە خەباتی شاخ دایەوە. ورمێ، پیرانشار، شنۆ، مەهاباد، سەردەشت، بۆکان، سەقز، دیواندەرە، مەریوان، سنە، پاوە و کرماشان وەڵامێکی بەرزیان دایەوە، بەرز بە قەد دەنگی تەقەی بەرگری لە نیشتمان کە لەم ڕۆژانەدا زایەڵەکەی دنیای تەنیوە. پێگەی جوگرافی و حەشیمەتی ڕاسانی نوێ لە ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵدا بۆ ئەو هێز و لایەنانەش کە لە ڕووی نائاگاهییەوە یان بە ئەنقەست ئەوەندەی پێیان کرابا حاشایان لە ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکرد، دەرکەوت، پێگەیەک کە بەهێزترین هۆکاری بەردەوامیی خەبات و تێکۆشان و شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵای خەبات بۆ ڕاسانی هەنووکە بوو.

خاڵێکی بەرجەستەی دیکەی ئەم مانگرتنە گشتییە، هەر بەو جۆرەی کە ئامانجی سەرەکیی لێک گرێدانی خەباتی شار و شاخە، بەشداریی چین و توێژە جیاجیاکانی کوردستان لە ڕەوتی خەباتدایە کە ئەمەش هەرەتۆقێنەرترین مۆتەکەی کۆماری ئیسلامی بووە و هەیە. کاتێک تاکێک لە هەر ئاستێکدا بەشداری خەبات دەبێت و دەبینێ ئەو بەشدارییە بووەتە هۆی بەهێزیی بەرەی گەل و دەربڕینی بێزاری لە بەرەی دژەگەل، کاتێک جۆش و خرۆشی سەرکەوتن لە نێو نەتەوە زوڵملێکراوەکەی و کزیی و دەستەوەستانی زاڵمان دەبینێ، ئیدی ئەو تاکە پێ دەنێتە قۆناغی چەشتنی بەکردەوەی حەز و چێژی بەرخۆدان، جا ئەمەش بە جۆرێک لە دەروونیدا چەکەرە دەکات و ئاوێتەی ڕۆح و جەستەی دەبێ کە هەردەم چاوەچاوی دووبارەبووەنەوەی دەکات. لێرەدایە کە دەتوانین بڵێین خەبات، خەبات دەهێنێ، هیواخوڵقاندن هیوا دەهێنێ و سەرکەوتن، سەرکەوتن دەهێنێ. کەواتە، پیرۆزە سەرکەوتنی مەزنە ئامانجی لێک گرێدانی خەباتی شار و شاخ.

# گرێدانی شاخ و شار ستراتژییەک بۆ ئەمڕۆ و داهاتوو

حیسام دەستپێش

بەهاری ئەمساڵەوە باسوخواستی ڕۆژهەڵات گەرم بووە. لە زۆر بوارەوە ئەم باسوخواستانە خۆیان دەنوێنن. هێندێک بە گەشبینییەوە چاوی لێ دەکەن بەو مانایە کە دەچینە قۆناغێکیتر لە ژیانی سیاسیی ڕۆژهەڵات. لەهەمانکاتدا کەسانێکی دیکەش بە ڕەشبینی سەیری دەکەن و لەو باوەڕەدان کە ڕۆژهەڵات و پارتە سیاسییەکان و کۆمەڵگا هەڵگری ئەو توانایییە نین کە قۆناغێکیتر لە ژیانی سیاسی لە ڕۆژهەڵات بخولقێنن. لەم نێوەدا گرووپێکیش هەیە کە بەرلەوەی بڕیار لە سەر بوون و نەبوون بدات، بیر لەوە دەکاتەوە کە دەبێ چاوەڕوان بین تاکو ببینین کە ئاخۆ ئەم باسوخواستانە دەگەنە کوێ. واتا ئاخۆ جووڵەیەک دەبێ تاکوو لەوێوە وێنای سەردەمێکی نوێ بکەین، یان لە ئەگەری جووڵەدا دەبێ چاو لە ئاراستەکانی بکەین کە بەرەو کوێ دەڕوات. بەهەرحاڵ هەموو ئەمانە لە خانەی پارتە سیاسییەکان، چالاکان، چاودێران و هەروەها کۆمەڵگای کوردی لە نێوخۆ خوێندنەوەیان لەسەر دەکرێ.
کاتێک باس لە دەستپێکردنەوەی نوێی خەبات لە ڕۆژهەڵات دەکەین، لە ڕاستیدا مەبەست هێنانە ڕۆژەڤی ئەم خەباتە لە ئاستی کۆمەڵگا، هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵگای جیهانییە. بەو مانایە کە پرسێک بە ناوی پرسی کورد هەیە کە دەتوانێ جیاواز و لەهەمانکاتدا لەگەڵ پرسی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان یەکانگیر بێ. لەلایەکی دیکەوە گەرمبوونی خەبات لە ڕۆژهەڵات هەڵگری ئەو واتایەیە کە ئیرادەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتیش بوونی هەیە و پرسی کوردیش لەوێ، پرسێکە پەیوەست بە شوناسی کوردەوە. بۆیە کاتێک خەبات خۆی دەنوێنێ، واتای ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم پرسە لە جەوهەری خۆیدا ناتوانێ ئارام بگرێت و دەبێ بەئەنجام بگات. هەموو ئەم باسانە کاتێک واتایان دەبێ کە ئێمە قبوڵی بکەین لە خۆرهەڵاتی کوردستان ویست و توانایەک هەیە کە دەیهەوێ لەم بوارەدا چالاک بێ. جا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئەم پرسە لە کام توانا و کام ستراتژییەوە دەیهەوێ خەبات لە خۆرهەڵات زیندوو بکاتەوە؟
بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاوڕ لە ستراتژیی یەکێک لە پارتە سیاسییەکان دەدەینەوە کە لە بەهاری ئەمساڵەوە پرسێکی نوێی خستە بەردەم ڕای گشتیی ڕۆژهەڵاتییەکانەوە. ئەویش بابەتی گرێدانی خەباتی شار و شاخە. لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا بەو ئەنجامە گەیشتین کە ئەم پرسە لە ڕاستیدا ستراتژیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە بۆ ئەوەی هەستانەوەی خۆرهەڵات ببێت بە ڕاستییەک. بۆیە لێرەدا دەمهەوێ قامک لەسەر ئەم بابەتە دانێم و ئاوڕ لەوە بدەینەوە کە ئەم ستراتژییە هەڵگری چ تایبەتمەندیگەلێکە و چ شتێک پێویستە تاکوو بتوانرێ ئەم ستراتژییە بە ئەنجام بگات.
وەک بۆچوونێکی سەرەتایی دەتوانین ئاوای بۆ بچین کە ستراتژیی گرێدانی خەباتی شار و شاخ، سەندنەوەی بەرپرسیاری و پێشەنگایەتی لە پارتی سیاسی و کۆمەڵگایە و بەخشینی ئەم بەرپرسیاریەتیە بە هەردوو لایەن. واتە تەنیا پارتی سیاسی نیە کە دەبێ هەست بە بەرپرسیاریەتی و فیداکاری بکات لە ڕەوڕەوەی خەباتی خۆیدا، بەڵکوو لەهەمانکاتدا کۆمەڵگاش هاوکات دەبێ هەست بەم بەرپرسیاریەتیە بکات. کاتێک باس لە خەباتی شار و شاخ دەکرێ، مەبەست پەنجە خستنە سەر ئەو ڕاستییە کە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد بەردەوام شاخی وەک مەکۆ و لانکەی خەبات پێناسە کردووە. بۆیە هەڵگری ئەو پەیامە بووە کە دەتوانێ ڕزگاری بۆ کۆمەڵگا بەرهەم بێنێ. لەهەمانکاتدا کاتێک باس لە شار دەکرێ، مەبەست ئەو مەکۆیەیە کە تێیدا هێز بۆ شاخ بەرهەم دێنێ و پێداویستییەکانی شاخ لە ڕەوڕەوەی خەباتدا ئامادە دەکات. ئەگەر ئەمە وەک پێشگریمانەی ئەم ستراتژییە لەبەرچاو بگرین، کاتێک باس لە گرێدانیان دەکرێ، ئامانج ئەوەیە کە شاخ وەک نوێنەری بزاڤی مێژوویی کورد هەبێ و پارتی سیاسی بە ڕێکخستنی هێزی چەکداری خۆی بێتە مەیدانەوە و لە هەمانکاتیشدا شار وەک مەکۆیەک کە دەتوانێ ڕاڤەی بوونی خۆیی بکات لە هەوڵی ئەوەدا بێ کە توانا کورتخایەن و درێژخایەنەکانی خۆی پێشان بدات. بۆیە لە کاتی گرێداندا شاخ و شار دەکەونە جووڵە تاکوو یەکانگیرییەک لە نێوانیاندا چێ ببێ. لەم گرێدانەدا ناسنامە و هێزی هەردوولا پارێزراو دەبێ بۆ ئەوەی کە هیچکامیان نەتوانن بەر سەر ئەویتردا زاڵ بێ و لە کۆتاییدا لە پەیوەندییەکی هاوتەریب و هاوسەنگدا داهاتووی ڕۆژهەڵات بونیات بنێن.

### تواناکانی ئەم ستراتژییە بۆ ئەمڕۆ

> **بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی باسکرا، توانا ستراتیژییەکانی گرێدانی خەباتی شار و شاخ، پەیوەستە بە هێزی پێشمەرگە و کۆمەڵگاوە. جا لەم دوو بوارەوە دەبێ چاوی لێ بکەین کە ئاخۆ توانای عەینی و زەینی لە کوێدا جێگایان دەبێتەوە**

کاتێک باس لەسەر توانایی دەکەین، دەتوانێ هاوکات توانایی عەینی و توانایی زەینی هەبێ. توانای عەینی ئەو توانایانەیە کە بە چاو دەبینرێن، وەک کەرەستەکانی پێویست بۆ درێژەدانی خەبات و هەروەها ئەو توانا عەینیانە کە دەتوانێت ڕۆژانە داگیرکەر ڕووبەڕووی کێشە بکاتەوە و بە چاو ببینرێ. لە لایەکی دیکەوە کاتێک باس لە توانای زەینی دەکەین، مەبەست ئەو توانایانەیە کە پەیوەستن بە مانادار بوونی بابەتەکان و ئەو مانایانە کە دەتوانێ سەرچاوەی جووڵە بێ، وەک وێنایەک کە پاڵ دەنێ بە تاک یان کۆمەڵگایەک کە فیداکاری یان تێچووی خەباتێک بدات یان ئامادە بێ خۆی بۆ تەرخان بکات.
بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی باسکرا، توانا ستراتیژییەکانی گرێدانی خەباتی شار و شاخ، پەیوەستە بە هێزی پێشمەرگە و کۆمەڵگاوە. جا لەم دوو بوارەوە دەبێ چاوی لێ بکەین کە ئاخۆ توانای عەینی و زەینی لە کوێدا جێگایان دەبێتەوە. ئەوەی پەیوەستە بە هێزی پێشمەرگەوە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی تاکوو ئەمڕۆ هاتووەتە ئاراوە، هەڵگری ئەو پەیامەیە کە هێزێک بە ناوی هێزی پێشمەرگە بوونی هەیە کە ئامادەیە گیانبەخشی بکات، ئەم هێزە تاکوو ئەمڕۆ نەک ڕوو لە کەمبوون نیە، بەڵکوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕووی لە زیادبوونە. بۆیە لە دابەزاندنی ئەم ستراتژییە و وەک پێویستییەکی بەرچاو، دەبینین کە هێزێک بە ناوی هێزی شاخ هەیە. هەرچەن دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم پێشمەرگە لە بواری فیکری و پەروەردەوە پێویستی بە ڕاهێنان و تەیارکردنی بە ماناکانی کۆمەڵگا هەیە. بەڵام بە هۆی ئەوەی پرسی پێشمەرگە بابەتێکی نوێ لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا نیە، بۆیە پێناچێ شاخ لەم بوارەدا لاواز بێ.
کاتێک باس لە توانا زەینییەکانی ئەم ستراتیژییە دەکەین کەموکووڕییەکانی دەردەکەون. ئەویش کاتێکە کە ڕوو دەکەینە کۆمەڵگا. کۆمەڵگای ئێمە لە ڕۆژهەڵات هەڵگری توانای زەینیی زۆرە. ئەم توانایە بەتایبەت لە زیادبوون و بەرجەستەبوونی چینی نێوەڕاستدا بە جوانی دەردەکەوێ. واتا کۆمەڵگامان هەیە کە خاوەن توانایە، بەڵام ئەو توانایە کە هێزی جووڵەی هەبێت، هێشتا نەهاتووتە ئاراوە. بۆیە دەتوانین بڵێین کە جارێ یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئەم ستراتیژییە تەیارە.
بەگشتی لە ئێستادا شاخ خاوەن توانایە و شار کە نوێنەرایەتی توانای زەینی دەکات و هێشتا تواناکانی دەرنەکەوتوون ( هەرچەن لە ٢٢ پوشپەڕ هەوێنەکانی دەرکەوتن، بەڵام هێشتا ماوە ببێت بە بزاڤێک ). بۆیە هەر لەم سۆنگەوە بوو کە شاخ و پێشمەرگە خۆیان وەک هێما و وێناکانی دەرکەوتنە سەرەتاییەکانی ئەم ستراتژییە دەرخست، تاکو ئەو پەیامە بە شار بدەن کە لە بواری هێزێک کە پاڵپشتتان بێ، لاوازی بوونی نیە و تەنیا ماوە کە شار ئاوێتەی ئەم مانایە بێ و تواناکانی خۆی دەربخات. لێرەوەیە کە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئەم ستراتژییە لە سەر توانا عەینییەکانی شاخ و توانا زەینییەکانی شار ڕاوەستاوە و ئەگەر پێشمەرگە بکەین بە پێوانە، ئەو هێزەیە کە توانایی خۆی دەرخست و ئەگەر توانای شار بکەین بە پێوانە، پرۆسەیەکە کە دەکرێ لە ماوەیەکی زەمەنیدا وێنای هاتنە ئارای بکەین.

> **ئەگەر پێشمەرگە بکەین بە پێوانە، ئەو هێزەیە کە توانایی خۆی دەرخست و ئەگەر توانای شار بکەین بە پێوانە، پرۆسەیەکە کە دەکرێ لە ماوەیەکی زەمەنیدا وێنای هاتنە ئارای بکەین**

### تواناکانی ئەم ستراتژییە بۆ داهاتوو

یەکێک لە لاوازییەکانی بزاڤی ڕزگارخوازیی کورد ئەوە بووە کە بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵگای کەم کردووەتەوە و هەموو قورساییەکەی بەخشیوە بە پارتی سیاسی و هێزی پیشمەرگە. ئەم کەموکووڕییە وای کردووە پاش ڕزگاری، پرۆژەیەکمان بۆ دێموکراسی لە کوردستان نەبێ. ئەزموونی باشووری کوردستان باشترین ئەزموونە کە پیشان دەدا ڕزگاری، دێموکراسی و ئازادی، دەبێ لە یەکەم هەنگاوەکانی خەباتەوە دەست پێ بکات. بۆیە ڕاوەستەکردن لەسەر گرێدانی خەباتی شار و شاخ، بەخشینی ئەم تواناییە بە بزاڤی کوردی لە ڕۆژهەڵاتە تاکوو لە چرکەساتەکانی هەستانەوەی خۆیدا وێنای داهاتوویەکی لێوانلێو لە دێموکراسی لە کوردستان بکرێت.
لەم ستراتژییەدا شار ناوەند و یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی خەباتە. جا ئەوەی شار لە بوارەکانیتر جیا دەکاتەوە ئەو مانایانەیە کە لە فرەیی دەنگ و ڕەنگدا هەیەتی. کە واتە ئەم ستراتژییە ئەم تایبەتمەندیانە دەبینێ و ڕاوەستەی لە سەر دەکات، تاکوو لەو ڕەهەندەوە شۆڕشگێڕانی کورد خۆیان لە خەڵکانی کۆمەڵگا بە گەورەتر نەزانن و بەپێچەوانە بێتە ئاستێکەوە کە پێگەی کۆمەڵگاش هاوتەریبی خۆی بزانێ. لێرەوەیە کە ئەم ستراتیژییە ڕوویشی لە داهاتووە. داهاتوویەک کە بەرهەمی شاخ و شارە. بۆیە بەر لە ڕزگاری هەوێنەکانی ئەم بەیەک گەیشتنە ساز دەبێ بۆ ئەوەی هەم کۆمەڵگا بە ڕوونی داهاتووی خۆی وێنا بکات و هەمیش خەباتەکە هەڵگری تایبەتمەندییەکانی سەردەمی خۆی بێ.
لە کۆتاییدا ئەوەی دەبێ باس بکرێت پەنجە خستنە سەر ئەو بابەتەیە کە ستراتژی گرێدانی خەباتی شار و شاخ، گرێدانی ڕابردوو و داهاتووە. ڕابردوو کە شاخ بێ و ئێستا دەنگی دەبیسرێ و داهاتوویەکیش کە هێنانە دی پرۆسەیەکە و ماناکانی شار دەبنە پاڵنەر و سەرمایەی. بۆیە وێناکردنی ستراتیژیی گرێدانی خەباتی شار و شاخ هەڵگری کۆمەڵێک ڕاستییە کە وا دەکات بیری لێ بکەینەوە.



# کرماشان، دێموکرات، داهاتوو

**کەیهان یووسفی**

ـ سەردەمی هەنووکەیی ئیدی هەڵگری گوتاری داخراو و چەقبەستوو نیە، ئایدۆلۆژی و گوتارە داخراوەکان ناتوانن وەکوو پێشتر ببنە ئایدیاڵ و خولیا بۆ خەڵك. لە ماوەی زیاتر لەم یەك سەدەی دواییەدا دەرکەوتووە کە ئەم چەشنە گوتارانە نەیانتوانیوە بۆ هەمیشە لە لووتکەی دەسەڵاتدا بمێننەوە و لە لایەن خەڵکەوە ژێرپێ خراون.

ـ گوتاری دێموکرات واتا ئایدیاڵ و ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکرات، گوتارێکی کراوە و بەربڵاوە، گوتاری پێکەوە هەڵکردنی جیاوزاییەکان، گوتاری یەکتر قەبووڵکردن و ڕێز لە یەکتر گرتن. گوتاری پێکەوە سازان و پێکەوە بوون. گوتاری دێموکرات، گوتاری زۆرەملی، خۆسەپاندن و ئەویتر قەبووڵنەکردن و سڕینەوەی یەکتر نیە. هەموو ڕەنگە جیاوازەکان لە ژێر چەتری ئەم گوتارەدا دەتوانن هەست بە سەربەرزی و ئاسوودەیی بکەن و هەر بۆیەش دوای تێپەڕ بوونی زیاتر لە حەوت دەیە بە سەر لەدایکبوونی دێموکراتدا، گوتاری ئەم حیزبە هێشتا نوێ، هەنووکەیی و جێی پەسەندی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگایە.

ـ کرماشان گەورەترین شاری کوردستانی ڕۆژهەڵات و شاری ڕەنگە جیاوازەکانە. شێعە، سوننە، یاری، زەردەشتی، کریستیەن و جوولەکە لەم شارە دەژین. خەڵکی ئەم شارە بە زاراوەکانی کەلهوڕی، لەکی، سۆرانی و هەورامی قسەدەکەن. ئەم جیاوازییانەش بۆتە هۆی ئەوەیکە ڕێژیم کەلێنە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان لەم شارەدا قووڵتر بکاتەوە. گوتاری دێموکرات لەم شارە بەو چەشنەی کە دەبێت ناسراو نیە. دێموکرات وەکوو ئاڵاهەڵگری گوتاری نەتەوەیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات خاوەن ستراتژی و پرۆگرامێکی هیۆمانیستی و مرۆڤ تەوەرە بۆ ژیان. بەڵام دامودەزگای پڕۆپاگەندەی ڕێژیم تا بۆی کراوە وێنایەکی بەدوور لە ڕاستی لە گوتاری دێموکراتی بە خەڵك پیشان داوە. تێگەیشتن و قەزاوەتی خەڵك لە ماوەی ڕابردوودا لە سەر بنەمای ناسان و ڕاستیەکان نەبووە. هەر بۆیەش هەڵوێستگیرییەکان ناخرێتە خانووی هەڵبژاردنێکی ئازاد و درووستەوە. کرماشان بە پێی هەندێك سەرژمێری، بە یەکێك لە شارە سیکۆلارەکانی ئێران بەهەژمار دێت، واتە بەستێنی گەشەکردنی گوتاری دێموکرات لەم شارە لەبارە. هەروەها هەبوونی جیاوازییە جۆراوجۆرەکان لەم شارە دەتوانێت پوەنێکی پۆزێتیف بێت بۆ پەرەسەندنی گوتاری دێموکرات. پێکهاتەی گشتی کرماشان پیکهاتەیەکی کوردییە. کوردبوون خاڵی هاوبەشی گشت دانیشتووانی کرماشانە. گوتاری نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کوردی دەتوانێت کۆکەرەوەی خەڵك بێت لە دەوری یەکتر.

ـ ڕێژیم هەوڵی زۆری بۆ ئاسمیلەکردنی کرماشان دا، بەڵام بۆی نەکرا. بووژانەوەیەکی کولتووری و ئەدەبی لە کرماشان توانی پێش لە خەونی نگریسی ڕێژیم و شۆڤێنیستە ناوەندگەراکان بگرێت. کرماشان قۆناغی بووژانەوەی کولتووری تێپەڕ کردووە. هەستی نەتەوەیی لەم شارە گەشەی کردووە و شادەماری کوردایەتی بە تێکۆشانی کۆمەڵێك تێکۆشەر جمانی تێکەوتووە. چەند ساڵی ڕابردوو و بە پێشەنگایەتیی یارسانەکان شاهێدی چەندین جووڵەی نارەزایەتی لەم شارە بووین. نموونەی دوایش هاتنی ڕۆحانی سەرۆك کۆماری ڕێژیم و دەربڕینی نارەزایەتی لە کاتی لێداوانی ناوبراودا بوو. کرماشان هەنووکە هەنگاوی ناوەتە نێو فازێکی نوێوە. کوردایەتی لەم شارە خەریکە لە هەستەوە تێپەڕ دەبێت بۆ ئاوەز. قۆناغی هەنووکەیی قۆناغی ڕێکخستن و هاوئاهەنگی و کارکردن بۆ بنبڕکردنی ستەم و چەوسانەوە و هەڵاواردنەکانە.

ـ ئەگەر لە ساڵانی ڕابردوودا بە تایبەت لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران دەرفەت و بەستێن بۆ چالاکی و خەباتێکی بەربڵاوی سەرانسەری لە کرماشان و شارەکانی خوارووی کوردستان نەرەخسا و ڕێژیم توانی بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازی ئایین و شێعەگەری بەشێك لە ئامانجەکانی خۆی بە شێوەی کاتی دەستەبەر بکات، هەنووکە بە هۆی گەشەی تێکنۆلۆژیا و چوونەسەرەوەی ئاستی خودئاگایی خەڵك، هەموو شتێك بۆ گەشە کردنی گوتاری دێموکرات لەم شارە لەبارە. بێشك خەڵك بە دوای گوتار و پرۆگرامێکدان کە خۆیانی تێدا ببیننەوە و هەست بەوە بکەن کە لەوێ ڕێز لە خۆیان و بۆچوون و باوەڕەکانیان دەگیردرێت و هەربۆیە دێموکرات دەتوانێت کاریگەرترین حیزبی کوردی لە کرماشان بێت.

پۆتانسیلەکانی دێموکرات، مێژووی پڕ لە ڕاستگۆیی و لە خوبردوویی ئەم حیزبە و هەروەها دەرگای کراوەی گوتاری ئەم حیزبە توانای ڕاکێشانی هەزاران گەنجی خوێن گەرمی کرماشانی بۆ نێو ڕیزەکانی خۆی هەیە. بێگومان بە کارکردن و تێکۆشانی بەردەوام دەکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا شاهیدی گۆڕانێکی گەورە لەم دەڤەرە بین.

کرماشان وەکوو بەنداوێکی پڕ لە ماسی وایە، ساڵانێکە ڕێژیم توانیویەتی پێش لە ئاو و ماسییەکانی بگرێت و ڕایانگرێت تا پەیوەست بە زەریای کوردایەتی نەبن، بەڵام بەنداو دارزاوە و ئاو دزەی کردووەتە نێو ڕووبار و ڕێگای زەریا بۆتە خولیای دانیشتووانی پشت بەنداو و لە داهاتوویەکی نزیکدا بەنداوی دارزاو لە نێو زەریادا نوقم دەبێت.



# هەڕەشەی تیرۆر و کوشتار، وێکچوویی لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕێژیمی ئێران

**ن: جەماڵ ڕەسوڵ دنخە**

پێناسەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە چوارچێوەی هیچ چەمک و دەستەواژەیەکی سیاسیدا بە واتای حکوومەت خۆ نابینێتەوە و ئەوە دەکەوێتە دەست و مێشکی هەر کەسێک کە تەنیا دەسەڵاتێکی تەواو میلیشایی لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا بە ناوی «ئێران» و ئاڵایەک بە شوناسی «عەرەبی»ییەوە کە ئەویش خۆی لە هەر بوارێکدا قسە و باسی خۆی لەسەرە، خۆ دەردەخات و ئاشکرا دەبێت.

لە ماوەی نزیک بە سێ دەیە لە دەسەڵاتداریی «کۆماری ئیسلامیی ئێران» کە هیچ واتایەکی نیە جگە لە تیرۆر و کوشتن، بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە یەک لە دوای یەک لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی خۆیاندا لە هەر ئاستێکی سیاسیدا، تەنیا باس لە وێران کردن و سڕینەوەی دوژمنانی دەرەوە دەکەن کە ئەویش پێناسەی بۆ نەکراوە، کامەیە دوژمن و لەبەرچی دوژمنایەتی؟. لە دەسەڵاتی ئێستای ڕێژیمی ئێراندا، ئەوەی کە جڵەوی دەسەڵاتداریی لەدەستە، گرووپێک یان باشتر وایە بگوترێت تاقمێکی دیاریکراون کە لە بازنەیەکی تەواو داخراو و ئەمنییەتیدا کار دەکەن و لە ڕەوتی کارەکاندا تەنیا مۆرەکانی جێگۆڕکێیان پێ دەکرێت و هیچیتر. ئەوگرووپە یا تاقمە لە ئێران گرووپێکی تەواو سەربازی و سەکوتکەرە کە بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی خۆی لە هیچ کارێک ناپرینگێتەوە و ئەوەی لە بەرژەوەندی و قازانجی خۆیدا بێت ئەنجامی دەدات، ئەوەش ناوی «سپای پاسدارانی ئێران»ە کە لە نێو هەموو وڵاتانی جیهاندا بە ئاژاوەچی، شەڕئەنگێزی، تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و پشتیوانی لە گرووپە توندڕەوەکان و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکەدا دەناسرێتەوە. سپای پاسدرانی ئێران، هێزێکی نیزامی و خوێنرێژە کە بە کەڵک وەرگرتن لە هێز و کەرەستەی نیزامی، بە زۆر و کوشتوبڕ خۆی لە جوگرافیای ئێراندا بەسەر هەموو نەتەوەکانی ئێراندا سەپاندووە و هیچ جۆرە ئوسوول و یاسایەکی لە بواری ئاسایش و گوزەران و مافی نەتەوەکانی ئێراندا قبووڵ نیە و باسکردن لە ماف و ئازادی بە هاوردەی ئیستکبار و ڕۆژئاوا دەزانێت و کەسانێک یا ئەو نەتەوانەی نێو ئێران باس لە هەر مافێکی میللی، ئایینی و ڕەگەزی بکەن، بە توندترین شێوە سەرکوتیان دەکات. سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، ساڵی ١٣٥٩ لەسەر بڕیاری خومەینی بەشێوەی «جیهادی» دامەزرا و تا ئێستا خۆی بە نوێنەر و جێبەجێکەری بڕیارەکانی خومەینی دەزانێت و لە کاروباری خۆیدا چەند قسەی خومەینی کردووەتە سەردێڕی کارەکانی و لە ڕوانگەی ئەو هێزە میلیشاییەی سپای پاسدارانەوە، هەر کەسێک یان لایەنێک ڕووی لە سیاسەتەکانی ئێران وەرسووڕێنێت، تیرۆریست و سەهیۆنیستە، تەنانەت ئەگەر ئەو کەس یان لایەنە پێشتر هاوکاری بە ئەمەگی ئەو ڕێژیمە بووبێتن.

سپای پاسداران ئەگەر زۆر بە ساکاری و ئاسانی هەڕەشەی لەناوبردن و کوشتوبڕ و شەڕ دەکات، زۆر ئاساییە و ئەوەش بۆ چەند هۆکار دەگەڕێتەوە کە هەر لە سەرەتاوە ئەو ڕێژیمە بەمجۆرە هەڵسوکەوتی کردووە و هیچ بۆی گرینگ نەبووە.

یەکەم هۆکار بۆ لابردنی توندتیژی لە ئەدەبیاتی خومەینیدا دەگەڕێتەوە، خومەینی ئەدەبیاتی توندوتیژ، گوتاری پڕ لە شەڕ و هەڕەشە و لەناوبردنی هەموو ڕوانگە جیاوازەکانی بەکار هێنا و بۆ شەڕ دژی جیابیران و هەموو ئازادیخوازن، خۆی لە ناو ئایینی شیعە و دینی ئیسلامدا وەک نوێنەری خودا لە سەر زەوی دیاری کرد و بە کەیفی دڵی خۆی و لە ڕووی ڕوانگەی شەڕئەنگێزی و ئاژاوەچییەتی و جینایەتکارانەدا شرۆڤەی دینی و یاساکانی دینی دەکرد و خەڵک و نەتەوەکانی ئێرانی کوشتوبڕ دەکرد.

بەشێکی دیکە کە بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران لە هەموو دام و دەزگا ئەمنیەتی و نیزامییەکانی خۆیان بە ساکاری و ڕاشکاوانە هەڕەشەی سەربازی لە خەڵکی خۆیان و هەموو وڵاتانی جیهان دەکەن، بۆ پێوەندیی چڕ و پڕی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ گرووپە توندڕەوکان وەک «جەماعەتی ئیسلامی لە میسر، ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە، داعش و حیزبوڵڵای لوبنان، حوسییەکانی یەمەن» و هەموو ئەو تاقم و لایەنە توندڕەوانە لە جیهان و بەتایبەت وڵاتانی دراوسێ دەگەڕێتەوە.

ئەوەی کە ڕوونە و ناوەڕۆک و فەلسەفەی بوونی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەردەخات و سەرجەم بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە بە هەموو هێز و تواناوە درێژە بە سیاسەتی کوشتار و تیرۆر لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتانی دیکەدا دەدەن، سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەو ڕێژیمە بە هیچ یاسایەکی نێودەوڵەتی و تەنانەت یاسای داڕێژراوی خۆیان پابەند نین.

ئەو ڕێژیمە تەنیا وڵاتێکە لە جیهاندا کە سیستمێکی کاری و ئیداری بۆ خۆی داڕشتووە و پێڕەوی لێ دەکات کە هێزێکی لە تیرۆریستانی فیرقەگەرا و میلیشایی چەکدار پێکهێناوە و گەورەترین جینایەتەکانی لەژێر ناوی وەک پشتیوانی لە هەژارانی جیهان، هەناردەکردنی شۆڕش کە بیرۆکەی چەوت و دزێوی خومەینە، ئەنجام دەدات، بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە لەو باوەڕەدان کە ئەنجامدانی ئەو کار و ئەو کردەوە جینایەتکارانە لە ئیمامی زەمانیان نزیکتر دەکاتەوە.

لە دوایین هەڕەشەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ لە ناوبردنی کوردستان و تۆپبارانکردنی هەرێمی کوردستان و هەروەها لە نێوبردنی وڵاتی ئیسراییل، لێدوانێکی تیرۆریستانە بوو کە هەر کام لە بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە باسیان لێ دەکرد و لە دوای بەرپەرچدانەوەی یەکدەنگی گەلی کورد لەهەمبەر ئەو لێدوانانەی بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران، بەرپرسانی نیزامی و ئەمنییەتی ئەو ڕێژیمە، ئاسانتر لەوە بە چۆکدا هاتن کە تەنانەت خۆشیان باوڕیان بێت. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەلی کورد و خەڵکی کورد ئەمڕۆ وشیارتر لە سەردەمی پێشوو لە پیلان و کردەوەکانی ڕێژیمی ئێران ئاگادارە و پرسی کورد لە ئاستی جیهاندا ڕۆژەڤی کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییەکانی جیهانە.



# ڕاسان بێدەنگیی ڕۆژهەڵاتی شکاند

ئازاد کوردی

ماوەیەک بوو کە نیگەرانی لەمەڕ بێدەنگ بوونی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژەڤ نەبوونی پرسەکانی ڕۆژهەڵات، لە میدیا نێونەتەوەییەکان و ناوچەییەکان و لە هەمووشی گرینگتر لە نێوخۆی کوردستان پەرەی سەندبوو. دەماندیت بە دەگمەن لە نێو میدیا جیهانییەکاندا باسی دۆخی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکرا، سەرەڕای ئەوەندە زوڵم، سەرکوت و پێشێلکاریی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکانی ئێران کە لە لایەن ڕێژیمی دیکتاتۆری دەسەڵاتدار بە سەر ئەو وڵاتەدا بەڕێوە دەچوو و دەچێت، کوردی ڕۆژهەڵات خراپترین دۆخی سیاسی، حقووقی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەیە لە ئاستی هەر چوار بەشی کوردستاندا. پێویستییەکی مێژوویی و هەنووکەیی بوو کە ڕۆژهەڵات لەم دۆخە بێتە دەر و دەنگی مافخوازانەی دەربکەوێت و ببێتە ڕۆژەڤی نێوخۆی کوردستان و ناوچە و تەنانەت میدیا جیهانییەکانیش. چوونکە ڕێژمی دیکتاتۆری زاڵ بەسەر ئێراندا، بەهیچ شێوەیەک یەک هەنگاویشی بۆ چارەسەریی پرسی کردی هەڵ نەگرت لەم ماوەیەدا کە خەباتی شاخ هێندێک بێدەنگ ببوو و تەنانەت هەوڵی هەمەلایەنەشی دا کە کەڵکاژۆ لەم قۆناغە وەربگرێت.

ئەم ڕێژیمە لە بنەما و جەوهەردا بڕوای بە چارەسەرکردنی پرسی کورد و نەتەوەکانی دیکە نەبووە و نیە. زۆربەی چالاکڤانانی مەدەنی و سیاسی لەم ماوەیەدا کە کەمترین داوای مافی حقوقی و مەدەنی و سیاسییان لە ڕۆژهەڵات بەرز کردەوە، یان گیران و ئەشکەنجە و زیندانی کران، یان ناچار بوون کە ڕۆژهەڵات بەجێ بێڵن. خەباتی مەدەنی و ئاشتیخوازانە لەگەڵ حکوومەتێکی مەدەنی و دێموکراتیک جێ‌دەگرێت، نەک حکوومەتێکی تەواو ئیدئۆلۆژیک و سەرەڕۆ و ستەمکار.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ماوەیەک بوو زۆر بەباشی ئەم دۆخەی و ئالوگۆڕەکانی نێوخۆی ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکەی کوردستان و هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و جیهانی بەووردی شرۆڤە دەکرد. بۆیە بڕیاردان بۆ ڤەژاندنی خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیکی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و بەرز کردنەوەی دەنگی مافخوازیی خەڵکی کوردستان و شکاندنی ئەم بێدەنگییە لە حیزبی دێموکرات شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، بە هۆی ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەریی حیزب لە قۆناغە جیاجیاکانی کوردستاندا، دەبوایە هەنگاوێکی کردەوەیی بۆ ڕۆژهەڵات هەڵ بگیرێت کە بە خۆشییەوە بە ئیرادەیەکی شۆڕشگێڕانەوە ئەم قۆناغە دەستی پێکرد.

لە ساڵی ڕابردووە کە پێشمەرگە خۆشەویستەکانی خەڵکی کوردستان خۆیان گەیاندە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەڕانەوەی پۆلبەپۆلیان بۆ نێو خەڵکی مافخوازی کوردستان و گەڕانەوەی هیوایەکی بێ میناک بۆ خەڵکی کوردستان، تابۆی هەوڵدان بۆ دوورخستنەوە و لێکدابڕانی خەڵک و پێشمەرگەی شکاند. ئەمە ئەو ڕاستییەی سەلماند کە خەڵک و پێشمەرگە هیچکات لە یەک دانابڕێن و دەبێت پێکەوە بن، هەتا لابردنی زوڵم و ستەمکاری. دواتر لە نەورۆزی ئەمساڵدا حیزبی دێموکرات لە زمانی سکرتێری گشتیی حیزبەوە، پەیامێکی مێژوویی و گرینگی بۆ گرێدانی خەباتی شار و شاخ بڵاوکردەوە و بەڵێنیی زیندوو کردنەوەی خەباتی کوردی ڕۆژهەڵاتی بەبوونی هێزی ڕزگاریدەری کوردستان، واتە پێشمەرگە، کوردستانی ڕۆژهەڵات بکاتە ڕۆژەڤی هەموو ئاستەکانی نێوخۆ، ناوچە و جیهانیش. ئەم بەڵێن و پەیامە لە بەهاری ئەم ساڵەوە کەوتە قۆناغی جێبەجێ‌کردنەوە و هیوای گەل چەندقات زیاتری کرد.

ڕۆڵە گیان لەسەردەستەکانی کوردستان بۆ پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکی نیشتمانپەروەی کوردستانی ڕۆژهەڵات و تاوتوێ و شی‌کردنەوەی پرسە گرینگەکانی ژیان و چارەنووسیان و بیروڕا گۆڕینەوە لە نێوان پێشمەرگە و خەڵک و ڕێکخستنی مەیدانیی خەڵک بۆ خەباتی مافخوازانەیان و هەروەها لەقاودان و هۆشیارکردنەوەیان لەسەر پیلان و سیاسەتە گڵاوەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، پۆل بە پۆل گەڕانەوە هەمبێزی گەل و ئیستراتیژیی گرێدانی شاخ و شاریان بەکردەوە جێبەجێ کرد.

دەستپێکردنی ئەم ڕاسانە دەسەڵاتدارانی غەداری تارانی تووشی ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر کرد و بەپێی سروشتی دڕندەبوون و دژی گەلیی سوپای تیرۆریستی پاسدارانی ڕێژیم، چاوەڕوان دەکرا کە هێرش بکەنە سەر باسکی بەهێز و ڕزگاریدەری گەل.

بەداخەوە لە چەندین هێرشدا، قارەمانانی دێموکرات دوای حەماسەخوڵقاندن و شەڕێکی نابەرابەر، لە قەرەسەقەلی شنو، کۆسالانی سەولاوا و بۆڕیەری مەریوان، چەندین قارەمانی گەورەمان تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی ئازادیی کوردستان بوون.

بەڵام ئەوان بە خوێنی خۆیان و بە ئیرادەی بەرزیان لەگەڵ هەموو پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی دیکە، بێدەنگیی زاڵ کراو و داسەپاو بەسەر ڕۆژهەڵاتییان شکاند و هیوایەکی نوێیان بەگەڵ دا و چیدیکە ئەم پەیوەندییە بەرینە لە نێوانی باسکی بەهێزی گەل و گەل ناپچڕێت.

پەیامی نەورۆزیی دەستپێکردنی ڕاسان و قۆناغێکی نوێی خەبات و تێکۆشانی مافخوازی لە ڕۆژهەڵات لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە و ئەم شەڕ و پێکدادانەی لە ڕۆژهەڵات لە نێوان هێزی پێشمەرگەکانی حیزب و چەکدارە داگیرکەرەکانی کوردستان لە ئێران هاتە ئاراوە، دەنگدانەوەی مەزنی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەیی بەدوای خۆیدا هێنا و تابۆی بێدەنگبوونی ڕۆژهەڵاتی تێکشکاند.



## لە شارەکانی ئامەد و باتمانی سەر بە کوردستانی باکوور یادی ٢٢ی پووشپەڕ و شەهیدانی نوێی حدکا بەرز ڕاگیرا

پارتی سۆسیالیستی کوردستان — باکوور و هەروەها پارتی ئازادیی کوردستانی تورکیە لە شارەکانی ئامەد و باتمانی سەر بە کوردستانی باکوور، ڕێوڕەسمی تایبەت بە یادی شەهیدانی ڤییەن و شەهیدانی ڕاسانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بەڕێوە برد.

ڕێکەوتی ٢٣ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ٢٧ـەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی و هەروەها شەهیدانی خەباتی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاوە جەوانمەرد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و هەروەها سەرکەوت سەمەدی کادری حیزب، پارتی سۆسیالیستی کوردستان — باکوور لە شاری ئامەدی کوردستانی باکوور ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشی بەڕێوەچوو.

لەسەر پلاکاردە هەڵواسراوەکانی تایبەت بەو ڕێوڕەسمە نووسرابوون کە، «شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، ئێمە لەبیرمان نەکردووی و لەبیرتان ناکەین».

هەر لەو ڕۆژەدا پارتی ئازادیی کوردستانی تورکیەش، لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا لە شاری باتمانی سەر بە کوردستانی باکوور، ٢٧ـەمین ساڵوەگەڕی تێرۆری ڤییەن و هەروەها شەهیدانی ڕاسانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بەرز ڕاگرت.




## یادی شەهیدانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی «قۆسەر» یباکووری کوردستان بەرز ڕاگیرا

ڕێکەوتی ٢٠ی پووشپەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، لە ناوچەی «قۆسەر»ی سەر بە کوردستانی باکوور، لە لایەن «لۆکاڵی پلاتفۆرمی دێموکراتی کورد» کۆڕیادێک بۆ شەهید دوکتور قاسملوو و شەهیدانی نوێی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو.

بە بۆنەی ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی شەهید دوکتور قاسملوو و ٢٧ـەمین ساڵڕۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و ڕێزگرتن لە کاوە جەوانمەرد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و شەهید سەرکەوت سەمەدی کادری حیزبی دێموکرات، لە لایەن «لۆکاڵی پلاتفۆرمی دێموکراتی کورد» کۆڕیادێک لە ناوچەی قۆسەری کوردستانی باکوور بە بەشداریی کوردانی هەر چوار بەشی کوردستان بەڕێوە چوو.

لە سەرەتای کۆڕیادەکەدا، لە لایەن کۆمیتەی ئامادەکارەوە بەخێرهاتنی میوانان کرا و پاشان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان چەند ساتێک بە بێدەنگی ڕاوەستان.

پاشان داوا لە دوکتور خالید ئامێدی، مامۆستا عومەر سلێمان و حەمید سمایل‌ئاغا کرا کە هەر کامەیان لە سەر ئەم شەهیدانە و پرسی ڕۆژ قسە بکەن.

هەروەها هەر کام لەو کەسایەتیانە لەسەر گیانفیدایی ئەو شەهیدانە، یەکگرتوویی کورد، گرینگیی بە دەوڵەتبوون و سەربەخۆیی کوردستان جەختیان کردەوە.

لەو کۆڕیادەدا دروشمی وەک «بژی پێشمەرگە، بژی کورد هەر بژی کوردستان» بەرز کرایەوە.

# بۆچی سنووره قانوونییه کرێ کۆڵەکان درا بە سپا

ن: ئاگری ئیسماعیل‌نژاد

ماوەی ٩ مانگە داخرانی سنوورە کۆڵبەرییەکان بووەتە بابەتی ڕۆژەڤی کوردستانی ڕۆژهەڵات، دیارە داخرانی سنوورە کۆڵبەرییەکان ئەو سنوورانە دەگرێتەوە کە ساڵی ١٣٨٥ بە هۆی ڕێژەی بێکاریی زۆر و هەروەها بە مەبەستی تەکووزکردنی دیاردەی کرێ کۆڵ لە دوو ئاستی یەکەم: هاوردەکردنی جۆری شتومەک بە مەبەستی شکاندنی گەمارۆکانی سەر کۆماری ئیسلامی و سنووردارکردنی جۆری هاوردەکان لە ڕووی حەڵاڵ و حەرامەوە، دووهەم: بەکارهێنانی ئەو سنوورانە وەک زەختێک بۆ هاوکاریی خەڵکی هەژار لەگەڵ ناوەندە ئەمنییەکان، کراونەوە. لە ساڵی ١٣٨٧دا، بەهۆی ئەوەی ئەو سنوورانە لەگەڵ سنوورە کرێ کۆڵییە ناقانوونییەکان ببوونە هۆی کرانەوەی بازاڕێکی بازرگانی لە کوردستان کە کارتێکەریی لەسەر بازاڕە ناوەندییەکانی ئێران هەبوو، لە لایەن سەرکۆماری ئەوکاتی ئێرانەوە بڕیاری داخرانی درا. بڕیاری داخستنی ئەو سنوورانە بە دوو هۆی سەرەکی بەڕێوە نەچوو: ١: گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران لە دەرئەنجامی نەسازان لەسەر قەیرانی ناوکی بەرین کراوە ٢: داخستنی ئەو سنوورە کە بۆ زۆرینەی خەڵک وەک سەرچاوەیەکی سەرەکیی بژیوی ژیانی لێهاتبوو، مەترسیی ئەمنیی لێ‌دەکەوتەوە، بەڵام نۆ مانگ بەرلەئێستا باسی داخستنی سنوورە کرێ کۆڵە قانوونییەکان لە لایەن وەزارەتی نێوخۆی ئێران بە بیانووی پشتگیری لە بەرهەمی نێوخۆیی هاتە گۆڕێ و لە بەرانبەردا باسی «بازاڕی کراوەی بازرگانیی پیشەیی» لە دوو شاری بانە ومەریوان هاتە گۆڕێ، کە ئەو پرۆژەیە دژکردەوەی سپا لە ڕووی ئەمنی و بازرگانیی لێ‌کەوتەوە و لەگەڵ ئەوەی دوو جار ڕەوانەی مەجلیس کرا، بەڵام دەنگی نەهێناوە و بۆ کۆتایی ئەو بابەتە خامنەیی لە کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی سپا ڕایگەیاند کە کێشەیەک نیە با سنوورە کۆڵبەرییەکان هەبێت.

بەو قسەیە سنوورە کۆڵبەرییەکان جارێکیتر ڕادەستی سپا کراوە. ئەوەی سوپای پاسداران سنوورە کۆڵبەرییەکانی لە لایەن خامنەییەوە ڕادەست کرا، پێنج هۆکاری هەیە ١: سپا گەورەترین قاچاخچیی ئێرانە و بەو شێوەیە دەیەوێت لە ڕێگای ئەو سنورانەوە هەم بازاڕەکانی کوردستان بەدەستەوە بگرێت و هەم پەرە بە تۆڕی قاچاخی خۆی بدا.٢: لە چەند ساڵی ڕابردوودا سنوورەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشوور لە سنوورە هەرەگەرمەکانی ئێران بوون بۆ شکاندنی نایاسایی گەمارۆ جیهانییەکانی ئێران و بەو شێوەیە لە داهاتووشدا ئەو تایبەتمەندییەیان دەمێنێتەوە ٣: سپا لە کۆنەوە شێوەی سیخوڕی کردنی لەسەر باشوور و هێزە ڕۆژهەڵاتییەکانی نیشتەجێی باشوور ئەوە بووە کە کەسانی سەر بەخۆی، لەسەر سنووری نێوان باشوور و ڕۆژهەڵات جێگر بکات. ئەو کەسانە بە ناوی کاسبکار، بەڵام بە مەبەستی ئەمنی و تەنانەت سەربازی لەو سنوورانە نیشتەجێ دەبن. ٤: قاچاخی مادەی هۆشبەری پیشەیی لە سنووری ڕۆژهەڵاتەوە دەکرێت بۆ نێو ئێران و قاچاغی مادە هۆشبەری پیشەیی بە پێچەوانە دەکرێت و لە هەردووک لایان دەستی سپای تێدایە. بە هۆی ئەوەی لە ساڵی ٢٠٢٠دا لابردنی سزای ئێعدام لە یاسای تاوان بە زۆرەملێ دەبێت، هەتا ئێستا سپا لە ڕێگای ئێعدامەوە ورە قاچاخچییەکانی کە سەر بەو نەبوونی لە ناو دەبرد، بەڵام لەو قۆناغەدا بەو شێوەیە بازاڕ لە دەستیان دەر دێنێت و لەگەڵ ئەوەش شەڕێکی ئالودە کردنی خەڵک بە مادەی هۆشبەر لە نێوان سپا و خەڵکی باشووردا هەیە کە بەو شێوەیە سپا ئەو گەلاڵەیش دەباتە پێشێ، بۆ پشتڕاست کردنەوەی ئەو قسەی من دەتوانن ئاماری دەستبسەرکراوەکانی قاچاخی مادەی هۆشبەر لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان لە ئاسایش وەرگرن. ٥: سپا دەیەوێت بەو ڕێگایەوە ئەندامگیریی نوێ لە کوردستان بکات، هەتا ئەو ئەندامە نوێیانەی لە دژی شۆڕشی نوێی کوردستان وەگەڕ بخات.

### تەیموور مستەفایی:

# حیزبی دێموکرات لە هەر هەلومەرجێکدا بۆ بەئەنجام گەیاندنی هەر ئامانجێک، ئەگەر داوا لە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بکات، وەڵامی ئەرێنی وەردەگرێتەوە



**وتووێژ: سەلیم زەنجیری**

**٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ، ٢٧ـەمینساڵیادی تیرۆرکرانی د.قاسملووی ڕێبەر بە دەستی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری وییەن بوو. هەر ساڵ لەو ڕۆژەدا خەڵکی کوردستان و ڕێبوارانی ڕێبازەکەی بە شێوەگەلی جیاواز سەرەڕای یادکردنەوە لەو ڕێبەرە بلیمەتە و مەحکووم کردنی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پەیمانی وەفاداری بە ڕێبازەکەی نوێ دەکەنەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە بانگەوازێکدا داوای مانگرتنی سەراسەری لەو ڕۆژەدا لە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات کرد و دواتر دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە بەیاننامەیەکدا سپاسی خەڵکی کوردستانی کرد کە بەدەنگ بانگەوازەکەیەوە هاتوون. بۆ زانیاری زیاتر لەم پێوەندییەدا، بەڕێز تەیموور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کومیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەڵامی چەند پرسیارێکی ئێوە خوێنەرانی «کوردستان» دەداتەوە کە سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشین:**

**پ: دەکرێ بفەرموون مانگرتنی ئەمساڵ لە یادی ٢٧ ساڵەی تێرۆرکرانی د. قاسملوودا چۆن و لە چ کەشێکدا بەڕێوەچوو؟**

**و:** بانگەوازی مانگرتن لە یادی ٢٧ـەمین ساڵی تێرۆرکرانی د.قاسملووی ڕێبەر لە کاتێکدا ڕاگەیەندرا کە کەشوهەوای شەڕ و تێکهەڵچوونی چەند یەکەیەکی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزەکانی سوپای پاسداراندا بوو کە بە هێرشی هێزەکانی سپا بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزب لە گوندی قەرەسەقەلی شنۆ و کۆساڵانی سەولاوادا لەگەڵ بەرەنگاریی قارەمانانە و حەماسیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بەرەوڕوو بوویەوە و لە ئاکامدا، چەند کادر و پێشمەرگەی بەوەج شەهید و دەیان کەس لە هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم لەو شەڕانەدا کوژران و ڕێژیم کە بە هێزێکی زەبەلاح و پڕچەک بە چەکوچۆڵی نوێوە لەم شەڕانەدا بەشداری کرد، زەربەیەکی قورس و گرانی وێکەوت و فرۆفیشاڵیی هێزە بێوەرەکانی بۆ دونیا دەرکەوت.

ڕێژیم بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەم شکستەی، هێزێکی یەکجار زۆری لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانەوە هێنایە کوردستان و کوردستانی میلیتاریزە کراوی میلیتاریزەتر کرد. بەپێی ئەو ئامار و داتایانەی دەستمان کەوتوون، لە نێوان ١٥٠ تا ٢٠٠ هەزار هێزی نیزامی لە کوردستاندا مۆڵیان خواردووە و ئەم هێزە دەستی بە هەڕەشەکردن لە خەڵک کردووە و بەردەوام دەست دەداتە مانۆڕی نیزامی لە نێو خەڵکدا و ئامانجی لەو جموجۆڵانە چاوترسێن کردن و تۆقاندنی خەڵکی کوردستانە.

لەم بارودۆخەدا بوو کە کومیسیۆنی تەشکیلات لە ڕۆژی ١١ی پووشپەڕ (٣٠ی ژووئەن)دا، لە ڕێگای بانگەوازێکەوە داوای لە خەڵی کوردستان کرد کە لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا بە داخستنی دوکان و بازار و نەهاتنی خەڵکی گوندەکان بۆ شارەکان و بەکاربردنی هێما و سیمبولە نەتەوەییەکان، ئەو ڕۆژە بکەنە ڕۆژی نارەزایەتی لە هەمبەر تێرۆرکردنی ڕێبەری خۆشەویست د. قاسملوو و هەروەها پاڵپشتی چالاکییە سیاسی و تەشکیلاتییەکان لە نێوخۆی وڵات و لە لایەکی دیکەوە مەیدانێک بۆ «نا» وتن بە ڕێژیم و سەرکوت و زەبر و زەنگ و هەڵاواردنەکەی.

**پ: بۆچی لە بەرانبەردا داواتان لە خەڵک نەکرد کە بڕژێنە سەر شەقامەکان و بەم شێوەیە نارەزایەتی دەرببڕن؟**

**و:** لەم جەوە نیزامییەدا، گونجاوترین و کەم هەزینەترین شێوەی دەربڕینی نارەزایەتی، دوورەپەرێزی بوو لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم کە لە بیانوویەک دەگەڕان بۆ سەرکوتی خەڵک و چاوترسێن کردنیان. بۆیە ڕێگای مانگرتنی بازاڕییان و نەهاتنی خەڵک بۆ دەرەوەی ماڵەکانیان، تێچووی کەمتری دەبوو، بەڵام هاوکات ئەو پەیامەی دەگەیاند کە لە ڕێپێوانێکدا دەیدات و ئەویش بریتییە لە بێزاریی خەڵک لە سیاسەتەکانی ڕێژیم و خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی لە سەفێکی یەکگرتوودا.

**پ: بەربەستەکان و پیلانگێڕییەکانی ڕێژیم بۆ سەرنەگرتن و شکست پێهێنانی ئەو مانگرتنە چی بوون؟**

**و:** ڕێژیم بە میلیتاریزەکردنی شارەکان، کەشێکی پۆلیسی بۆ چاوترسین کردنی خەڵک پێکهێنا، ئەمە بێجگە لەوە بوو کە هەر لە ڕۆژی دەرکردنی بەیاننامەی کومیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ مانگرتن، لە ڕێگای ئەماکن، شوورای ئەسناف، ژووری بازرگانی و ئیدارەی ئیتلاعاتەوە، هەڕەشە لە دوکاندارەکان کرابوو کە نابێ دوکانەکانیان دابخەن و لە وەها ئەگەرێکدا، جەواز کەسبەکانیان لێ دەسەندرێتەوە. بەو حاڵەش بەیانیی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، ئێمە شاهێدی داختنی دوکان و بازارەکان و نەهاتنی خەڵکی گوندەکان بۆ شارەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بووین. هەر بۆیە داروودەستەی ڕێژیم کەوتنە پەلەقاژە و بە تەلەفۆن کردن بۆ دوکاندارەکان و هەڕەشەی گرتن و سزادانیان و شکاندنی قوفڵی بەشێک لە دوکانەکان، هەوڵی شکست پێهێنانی مانگرتنەکەیان کرد. بۆ نموونە لە شاری سەقز و زۆربەی شارەکانی دیکە خەڵکێکی زۆریان گرت و بە ئەستاندنی بەڵێنی کردنەوەی دوکانەکانیان ئازاد کران، تەنانەت لە ڕۆژی ٢٤ی پووشپەڕدا، ٢٣ کەس لەو دەستبەسەرکراوانەی سەقز، بە دانی جەریمەی نەختی ٢٠٠ هەزار تمەنی بۆ هەر یەکێکیان سزادران. نزیکەی دووسەد کەس لە لاوانی کوردستان دەستبەسەرن و تا ئێستا لە چارەنووسی ژمارەیەکی بەرچاو لەوان زانیاری لەبەردەستدا نیە و ژمارەیەک لە دەستبەسەرکراوەکانیش بە دانانی بارمتە ئازاد کراون.

**پ: پێتان وایە کە وەڵامی ئەرێنیتان لە خەڵک بۆ ئەو مانگرتنە وەرگرتووە و بە سەرکەوتووی دەزانن؟**

**و:** بە لێکدانەوەی ئەو کەشە پۆلیسییە کە باسی لێوە کرا و هاتنە مەیدانی دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم بە ناوی کەسانی ڕووناکبیر و چەواشە کردنی باردۆخەکە، کە لە ڕۆژانی تەنگەتاو بوونی ڕێژیمدا دەکەونە دژایەتیی خەباتی خەڵک و دەسکەوتی خەڵک بە کەمبایەخ نیشان دەدەن و دەکەونە تیئۆریداتاشینی پاساودەرانە بۆ کردەوەکانی ڕێژیم لە سەرکوت و زەبر و زەنگ، بەڵام بەم حاڵەشەوە لە ئورمیەوە هەتا سەرپێڵزەهاو، دوکان و بازاری شارەکان بە ڕێژەیەکی باش داخران و خەڵکی گوندەکان لەو ڕۆژەدا خۆیان لە هاتن بۆ شارەکان پاراست و بەم چەشنە کەشوهەوایەکی بەتەواوی سارد لە کوردستاندا هەبوو و ئەمە سەرکەوتنی بانگەوازەکەی کومیسیۆنی تەشکیلات بوو. تەنانەت ئەگەر بەو چەشنە بووبێ کە دژبەرانی حیزبی دێموکرات، واتە دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن، دیسانیش بە سەرنجدان بە هەڕەشەکانی ڕێژیم و نیزامی کردنی ناوچەکە و زاڵ کردنی جەوی پۆلیسی بە سەر شارەکاندا، کزی و داماویی ڕێژیم و دەستوپێوەندییەکانی لە بەرانبەر خەباتی خەڵکدا دەردەخات و ئەمەش خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئێمە وەڵامی ئەرێنیمان لە بانگەوازەکە وەرگرتووە.

**پ: بەڵام هەندێ کەس ئەمە بە چەواشەکاری و زێدەڕەوی ناو دەبەن و پێیان وایە کە بەو شێوە بەرفراوانە بەڕێوە نەچووە؟**

**و:** ئێمەش بانگەشەی ئەوەمان نەکردووە کە هەموو دوکان و بازارەکان داخراون، بەڵام بە دڵنیاییەوە لە سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا، مانگرتن دەستی پێکرد و فیلم و وێنەی مانگرتنەکە لە سەرەتای بەیانییەوە گەیشتە کاناڵەکانی ڕاگەیاندن، بەڵام بە هەڕەشە و گوشار هێنانی ڕێژیم بۆ دوکاندارەکان، لە کاتژمێر ١٠ بۆ ١١ی بەیانیدا، ژمارەیەک لە دوکانە مانگرتووەکان کرانەوە کە هەر بە زوویی جارێکی دیکە دوکانەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو داخرانەوە، بە چەشنێک کە دوانیوەڕۆکەی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، ڕێژەی داخستنەکە بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە بە دەستی ئێمە گەیشتوون، لە ٧٠٪ تێپەڕی.

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی مانگرتنەکە، ژمارەیەک کەسی دیاریکراو کە زۆربەی هەرە زۆریان سەر بە باڵە جیاوازەکانی ڕێژیمن، کەوتنە پەلەقاژە و دەستیان بە پێوەندی گرتن بە کاناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە کرد و ویستیان سەرکەوتنەکە کەمبایەخ نیشان بدەن و وابنوێنن کە گوایە لە ڕاگەیاندنی ئەنجامی مانگرتنەکەدا زێدەڕەویی کراوە، بەڵام بە خۆشییەوە بەڵگەکان لەوە ڕوونتر بوون کە ئەم هەوڵە بە ئاکام بگات، هەربۆیە ناکام مانەوە.

**پ: بە هەمان شێوە هەندێ کەسی دیکەش بانگەشەی بەدەنگەوە نەهاتنی زۆری خەڵک، بە لاوازبوونی پێگەی سیاسیی حیزبی دێموکرات و شێوە ڕێفراندۆمێک بۆ ئەو حیزبە دەزانن. ڕای ئێوە چیە؟**

**و:** ئەم مانگرتنە نەتەنیا هیچ لاوازییەکی پێوە دیار نەبوو، بەڵکوو پیشاندەری ئەو ڕاستییە کە حیزبی دێموکرات خاوەنی پێگەیەکی ئەوتۆیە کە بۆ جێبەجێ کردنی هەر ئامانجێک لە هەر هەلومەرجێکدا، داوا لە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بکات، وەڵامی ئەرێنی وەردەگرێتەوە و لە ڕاستیدا کۆمەڵگای کوردستان وەجووڵە دەخا، ئەمەش نەک لاوازیی پێگەی حیزبی دێموکرات ناگەیەنێ، بەڵکوو نیشانەی ئەوپەڕی پێگە و خۆشەویستیی حیزبی دێموکراتە لە کۆمەڵگای کوردستاندا.

لە پێوەندی لەفراندۆمیشدا، کاتێک ئەمە دەکرێ کە کەش و هەوایەکی دێموکراتی لەو ناوچەیەی ڕێفراندۆمی تێدا بەڕێوە دەچێ، بوونی هەبێ، نەک لە ژێر گوشار و هەڕەشەی ڕێژیم و لە کەشێکی پۆلیسیدا. لە وەڵامی ئەو کەسانەشدا، هەرکات ئەو زەمینەیە ڕەخسا، هەر ئەو ئاکامە وەردەگرنەوە کە لە یەکەم هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە کوردستاندا بەڕێوە چوو و لەودا حیزبی دێموکرات لە تەواوی شارە ئازادەکانی کوردستاندا، دەنگی یەکەمی هێنایەوە.

**پ: بۆچی هەوڵتان نەدا بە هاوبەشی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن ئەم داوایە لە خەڵک بکەن، بەتایبەتی هاوپەیمانیستراتژیکی حیزبی دێموکرات، واتە کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران؟**

**و:** لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن لە بواری جۆراوجۆری سیاسیدا کۆبوونەوەی هاوبەشمان کردووە و لە بەشێک لەو کۆبوونەوانەدا بە بڕیاری هاوبەش گەیشتووین، بەڵام بۆ (٢٢ی پووشپەڕ) کە لە ساڵانی ڕابردووشدا بەڕێوەچووە، هیچکام لە لایەنەکان خوازیاری ئاگادار کردنەوەیان سەبارەت بە بەشداری کردنیان لەو مانگرتنەدا نەبوونە، بەڵام ئەمساڵ لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکانەوە ئاگاداری گلەیی و گازندەی ژمارەیەک لە ڕێکخراوە خەباتگێڕەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بووین کە داوای بەشدارییان لەم مانگرتنەدا لێ نەکراوە، ئەگەرچی خەبات دژی ڕێژیم پێویستی بە بانگهێشت کردن نیە، بەڵام بەو حاڵەشەوە جێگای خۆشحاڵیە، چوونکە بە بڕوای ئێمەش یادکردنەوەی د. قاسملوو ئەرکی هەموو خەباتگێڕێکی ڕێگای ئازادی و دژی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامییە. بۆیە هیوادارم حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لێرە بە دواوە بۆ خەباتێکی بەردەوام و بەبەرنامە لە دژی داگیرکاری و ستەمی کۆماری ئیسلامی لە سەر کۆمەڵگای کوردستان، هاوئاهەنگی زیاتر بکەن کە بێگومان یەک هەڵوێستی و یەکدەنگیی ڕێکخراوە خەباتگێڕەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەتوانێ کاریگەریی زیاتری لە جووڵاندنی خەڵکی کوردستان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان هەبێت.

**پ: دوا وتەتان لەم پێوەندییەدا؟**

**و:** سپاسی ئەندامانی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەموو میدیا و کەسایەتییەکان دەکەم کە پەیامی حیزبی دێموکراتیان بە خەڵکی ڕۆژهەڵات گەیاند و هەروەها سپاسی بێپایانی ئەو بەشە لە خەڵکی ئازادیخواز و چاونەترسی کوردستان دەکەم کە وەڵامی ئەرێنییان بە بانگەوازی حیزبە تێکۆشەرەکەیان دایەوە. هیوادارم لە بانگەوازەکانی داهاتووی خەبات لە دژی ستەم و سەرکوتی ڕێژیمدا، ئەو کەسانەش کە لەم دەورەیەدا بە هەر هۆیەک نەیانتوانیوە بەشدار بن، ئەرکی نیشتمانیی خۆیان بە جێ بگەیەنن و لە هەڕەشە و گوشارەکانی ڕێژیم نەترسن و بە یەکڕیزیی زیاتر بە گژ ڕێژیمدا بچنەوە کە ئەمە تەنیا ڕێگای گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانمانە.

**ئەم مانگرتنە پیشاندەری ئەو ڕاستیەیە کە حیزبی دێموکرات خاوەنی پێگەیەکی ئەوتۆیە کە بۆ جێبەجێ کردنی هەر ئامانجێک لە هەر هەلومەرجێکدا، داوا لە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بکات، وەڵامی ئەرێنی وەردەگرێتەوە و لە ڕاستیدا کۆمەڵگای کوردستان وەجووڵە دەخا**

# «فڕینی باز، بە باڵی نارنجەکی»

چۆن نابی بە ئاو ئەی بەرد
چۆن؟!
چۆن نابیتە خۆڵ ئەی با
چۆن؟!
نیشتمان
لاولاوێک سوور پۆشە
بە سەوڵی نازداری « سەوڵئاوا»
هەڵزناو.
هێندە زام لە لەشی هەنار و دڵی من کەوتوە
ئەوەندەی نەماوە خاک ببێتە خۆڵەمێش
چاوی ڕۆژ کوێر بکات.
خۆمیش وەک داربلچی قەدپاڵی «کۆسالان»
سراپام لە خومێ کەوەدا
هەڵکێێشم،
تا ئاسمان بە سەری باراندا
وەک پشتی پردەکەی «دووڕۆ»
نەچەمێ،
دار بە شوێن چریکەی باڵندەی تەنیا دا
نەگەڕێت و
نەیکاتە خەڵووزی بە بەفر.
لەمدیوی شیوەن و پێکرانی لەشمەوە،
لە گیانما،
زایەڵەی سەنتووری ڕاسانە،
ڕاسانی خوێنی نوێ
لە لەشی زەمان دا
بە ئادگاری ئەمڕۆ.
زایەڵەی هێزێکی لە دەشتی دەستەوەستانیدا
سەرهەڵداو.
مۆژدەی ئەو نەریتەی کە هەرگیز
داربەڕووە جامانە لە ملەکان
بە چنگی چڵکنی کرێوە
لە ڕیشە دەرنایەن،
بەردەوام پەل و پۆ
بۆ تەیری نەوپەرواز
سەوز ئەکەن.
شەرێکە موقەدەس
لە نێوان فریشتەی ڕووناکی و ئیبلیسی تاریکی،
وەک جەنگی گاوەرۆی مانەوە و
کەویری کاولیی.
چەخماخەی ڕوانینی نەسڵێکی تازەیە لە هەور و،
نەسڵێکی ڕۆچوو تا هەزار توێی کارەسات
بە هەگبەی ئاخنراو
بە بەفر و بارانی
ڕۆشنایی.
گەردەلوولی ڕەشی گوللەیە
کەژ بە کەژ
دەلووریێ و کەڵوە لە لاملی جوانووی شاخ
گیر دەدات.
کولێرەی ڕۆنماڵی نهێنیی گوندێکی دوورەدەست
هاوشانی مێوژ و کاکڵە گوێز،
بە پەلە و کۆمەکۆم
پشت بەردی هەوراز و باوەشی ئەشکەوتە تەریک و دوورەکان دەگەڕێن،
ناتوانن پارچەیەک لە توانای ئەوینیان
بخەنە نێو زاری کۆڵەپشتییەکانتان.
ئاوساجی لە تەلبەند دەرباز بووی شەوقی شار
لە جادەی تەنراو بە جاشان دا،
خۆ دەکا بە بێشەی ئەوبەری ڕووباردا و
نەرم نەرم
بە سەر سینگ،
تا کەنار کانییەکی بن داربییە شەرمنەکان
درخزێت و مخابن،
لەوێ نین.
هەمدیسان کۆمەکۆم
بۆ نزیک هەوارە بەرزەکان هەڵدەکشێ و
ئێوەی لێ دیار نین.
ئاشقی ڕەنگتانە بەربەیان!
لە بنی کام گوڵی دڵماندا
سەنەگرتان گرتووە؟
موبتەلای دەردتانە ئێوارە
لە کامە خانە باخ
بارگەتان خستووە؟
«شاڵیار»،
پیری ئەو بەندەن و چەمانە،
لە پاشکۆی ئەسپی چاو بە گریەی مەراقیا
چەند لرفە و چەند زڕەی دەفی سەر دیواری خەڵوەکەی
بۆ جەرگەی سەنگەرتان دەهێنی و
ئاگری کاتیوشا
ناهێڵێ بگاتە دیدارتان.
هەم بۆنی شەرمنی چنوور دەیزانی
بێدارن و نەنووستوون
هەم چاوە مەستەکانی ترێ.
هەم دۆانەی ژێر کەپری وەرزێران
تێگەیشتن چەند تینوون،
هەم لێوی ئەو کانییە شەنگانەی
کەوی نێو گەروتان
نەگەیشتە لێواریان.

خەو بە تاو،
بە خۆی و دەستەیەک لە گوڵە ئەستێرەی « ئاویەر « و
دوو باخی پەڕۆشی « سەرومال»
هاتوون
تا لە بن دار مازووی وەستاو لە لاشان و
نووساو بە بڕبڕەی پشتتاندا
لە باتی دیدەتان
ئێشک لە ڕێگاکان بگرن و
ئێوە تا بەربەیان
دەسماڵی دەور سەر و جامانەی دەور ملی یارتان و
نەمامی باڵاکەی زاروانانتان
لە خەونێک ئارامدا
ببینن.
ڕاسانە
ڕاسانە !
ئەسپی ئەم ڕاسانە
بە نالی برووسکە و بەیاڵی تریفەوە
هاتوەتە سەر پاشوو،
بە دەستی شاخ و شار
چەپۆکان دەکات و
خرۆشی سمکۆڵان و حیلەی جەوانی
دەربەند و کۆڵان و پێدەشت و شەقامی
تەنیوە.
کە ئێوە و قەناسەی قەڵەمتان
لە بناری «کێلەشین» بەرەو شار داگەڕان
هەر بەوری سەر زنارە بەرزەکان زانییان
چەند ترستان خستوەتە نێو دڵی دێوەزمە و
چۆن چۆنی
بە نووکی ئاگرینی گوللەتان
نێوچاوی ڕەشایی
دەپێکن.
«کاڵیسەر»!
ئەی شاخی تا سەر شان
بە مشکی و جامانە داپۆشراو!
تۆ بۆچی گلۆڵە بەفرێکت
بە « کوچک چەرمگ»ی دراوسێت دا
نەناردە خوارەوە ؟
تا جەرگی سووتاوی « هۆزەڵی»
نەختاڵێک
پاراو بکات ؟
دارگویزی ڕەشپۆشی « بۆڕیەر»،
ئەو کاتەی دوو بازی هەڵبڕاوی کۆسالان
بەرانبەر چاوە سەوزەکانی ڕەنجت
بە باڵی خوێنینی نارنجەک
هەڵفڕین،
چۆن نەبووی بە دڵۆپێک فرمێسک
تا لە تەک شەپۆلی شینپۆشی شیوەن دا
بە ناخی «سیروان « دا
بچیتە
خوار.
ئەی دڵی لە ئاسن خولقاوی نارنجەک
بۆ نەبووی بە پەڕەی سوێسن و
بە قژی وەرکەمەر،
تا ئەوان
سەر بخەنە سەر شانت و
لە تریفەی پووشپەڕدا
سەرخەوێک بشکێنن؟
ئەی دایەی بەرچەنە بە مورووی ئاڵ و سوور ڕازاوەی « نیەر» م،
کۆڵوانەی چوار وەرزی هەڵاڵە لە کۆڵ!
چۆن نەبووی بە بەڵەد
ڕێگایەک وەک ڕێگای شاراوەی خەمانت
بە شەنگە سوارانی ئازادی
نیشان دەی؟
داخەکەم
شیعری من نەیتوانی ببێتە مانگە شەو
بکەوێتە بەردەمیان.
فیشەکی وشەی من
نەگەیشتە مەخزەنی تفەنگیان.
قەڵەمم
نەگەیشتە سەنگەری تا سەر سینگ بە سروود،
هەڵچنیویان.
خۆیشم هەر
نەگەیشتمە گەورەیی دوا وشەی بڕیاری
بە شنەی نارنجەک فڕینیان.
ڕەشکەوە سوارەکانی «شامیان»!
لەمەودوا
پاش شریخەی تفەنگ و پەیامتان
هۆرەیەک لە دەشت و سیاوچەمانەیەک لە هەوار
نابیسرێ،
گەر وەسفی ناوتانی تێا نەبێ.
لەمەودوا
بێ باسی بارانی هەوری ناو ڕەشتییەکی دەور مل و
گۆچانی نێو دەستتان،
نە مەرزەی « ژاوەڕۆ»
بەرامەی دەمێنێ،
نە ئێتر کەلانەی نەوبەهار
بێ پیچکی پڕ هیوای نیگاتان
خۆی بەسەر ساجەوە ڕادەگرێ .
لەمەو دوا
قەزوانی پووکەی نێو شەڕەکەی « دووڕۆ» نەبێ
دۆی مەشکەی هیچ کچێکی لادێیی
نە عەتری دەمێنێ
نە تینگیی دەشکێنێ،
بێ شەرحی چۆنیەتی سەفەرتان
لە قوتابخانەی هیچ شار و گوندێکدا
وانەیەک لە مانای نەمریی ناخوێندرێ.
لەمەودوا
لەو هەردوو کاوانە
پوشپەر بێ یان مانگی جۆزەردان
گوڵێک لە خاک سەردەر دێنێ
بەهار هێشتا نەیبینیوە،
لە ئەوپەڕی پەرژینی ئەفسانەوە
هاتووەتەوە،
لاسک بەرز و چل پەڕەیە،
گوڵێکی نێو باخچەی دەراخ و ڕەخت و چەکە
ناوی ئەم گوڵە تازەیە
گوڵە سوورەی نارنجەکە.
لەمەودوا
لە فەرهەنگی وشەی نوێدا
نارنجەک ناشرین نیە،
هاوڕێیەکی بن سەنگەرە و باڵی هەیە
بازە جەوانەکانی ئەمڕۆ
بەو باڵانە تا ترووپکی زیندگی
هەڵدەفڕن .
لەو وەختەی بۆ دواجار
پەنجەتان
بە قژی خۆڵاویی سەنگەردا گێڕاوە
تا ئارام بگرێت و لە بەردەم ستەم دا
نەلەرزێ،
خوێنێکی پڕ شکۆ بە ڕەگی زەمین دا
ئەگەڕێ.
ئاخر چۆن دەستی مەرگ
دەگاتە ڕووباری وجوودتان؟
کەی کەمین دەتوانێ
چۆک دابات بە زناری هەنگاوتان؟
بەو گشتە خەندەی وا لە لێوتان ڕژاوە،
نیشتمان
لە جاران زیاتر
ڕەنگین و خەندان و شیرینە.
دێنەوە
ئەوانەی بۆ چرای ڕۆشنایی ڕۆشتوون
هەمیشە دێنەوە،
لە ڕەنگی گەزیزە و
لە چرای ماڵان و لە فڕینی تەوار و هەڵۆدا،
دێنەوە.
ئەوانەی بۆ ژیان مردوون،
لە تامی ڕێواس و سوورایی هەڵاڵە و ئاگردا،
سەردانمان دەکەن و
لە وەرزی ڕاساندا
داری نێو باخچەکان
پڕ دەکەن لە شکۆفەی زینگیی.
لەمەو دوا
ساڵ ئیتر لای ئێمە
پێنج وەرزە و
ناسینی نوێترین وەرزەکەی ئاسانە،
نازناوی ئەم ورەزە تازەیە
ڕاسانە !

**فەرەیدوون ئەرشەدی**

لە باوەڕی مندا فریای،
لە سەر نیگای دڵم زەریای،
لە پێدەشتی سەوزەڵانی هەست و بیرم گوڵی بریای،
ئەی هەناسەی شمشاڵی شوان،
ویرەی شنەی بەرە بەیان،
ئەی نۆبەرەی مزگینی و ڕاز،
ڕێ نوینی ڕێچکە و ڕێباز،
بیری پاراوت نانوێ،
دەستی خاراوت ناسوێ،
تۆ پێڵاوی تاسەی ئینسانت لە پێیە،
تۆ بەرپرسی،
ئەرکی قافڵەت لە ئەستۆیە،
تۆ لە ڕوانگەی بیری مندا والای والا،
لەسەر هەموو چرکە ساتی ژیان دەشنیتەوە ئالای ئالا،
بە وشەی جوان چەپکە گوڵێکم چنیوە،
بە یادی تۆ کانیاوی هەستم زنیوە،
لە باخی دل چەند وشە و ڕستەم ڕنیوە،
پێشکەش بە تۆ ئەی خۆشەویست،
تۆ دەرسی منت داداوە،
کۆسپت لە ڕێگەم لاداوە،
تابژیم دەڵێم ماڵئاوا،
تابژیم دەڵێم ماڵئاوا.

**«تەرەغە بۆکانی»**

# KURDISTAN

*Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian K... ... 21 july 2016*

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia




خاسەکەوێ لەو کەژە هەڵنیشتووە ‌ ‌ ‌ خاڵی ڕەش و سووری بەجووت ڕشتووە
ڕاوچی هەموو لەو کەوە دەرکەوتووە ‌ ‌ ‌ بۆچی؟ دزە؟ جەردەیە؟ کێی کوشتووە؟
کێهە کەسی ئەو لە ژیان خستووە؟ ‌ ‌ ‌ ماڵ و مەڕ و زێوەری کێی بردووە؟
باعیسی قەتڵی چییە، بیستوویەتی؟ ‌ ‌ ‌ ژینی بە سەربەستییە ویستوویەتی!
داوی چەقاند تاوەکو ئەو پێوەبێ ‌ ‌ ‌ چاڵکەنە، خۆی پێوە دەبێ جێبەجێ
چاکە کە داودۆزە شوکور خاسەکەو ‌ ‌ ‌ دیوییە، و وریایە بە ڕۆژ و بەشەو
بۆچی کەویش مافی ژیانی نییە؟ ‌ ‌ ‌ حەققی کەژ و کێوی جوانی نییە؟
بۆچی ئەویش بۆتە «برا کوردەکان»؟ ‌ ‌ ‌ نابێ هەڵێنی نەفەسێک بۆ ژیان؟
بێتەوە بەردەست و بە بێ باڵ وپەڕ ‌ ‌ ‌ پێبکەنێتو بیبەنە «قەسری قەجەر»؟!
دەک نەفەسو بگرێ ئەجەل جێ بەجێ! ‌ ‌ ‌ وا، کە نەتانبێ قەوەتی دەست و پێ
خاوەنی ئەو کێو و کەژە هەر کەوە ‌ ‌ ‌ نەزم و نیزامی کەژ و کێو هەر بەوە
لێی گەڕێ با باڵ و پەڕی جوان بکا ‌ ‌ ‌ لەو کەلە با بانگی ڕەفیقان بکا
بێنەوە کانیاوێ، بخۆن ئاوی ساف ‌ ‌ ‌ بۆ گورەیی سەربنە بێنە مەساف
لێی گەڕێ دەندووکی بە بەرد تیژ بکا ‌ ‌ ‌ غوڕڕە بکا و بانگی کوڕ و کیژ بکا
کوڕ بەگوڕەگوڕ، وەکوو شێر و پڵنگ ‌ ‌ ‌ کچ بە شنەشن، بە خرینگە خرنگ
بێن و بڵێن: خاوەنی کێوان ئەمەین ‌ ‌ ‌ سوورە دەنووکمان، بە دەنووک شەڕ دەکەین
خاوەنی ئەم خاسەکەوەش هەر دەڵێ: ‌ ‌ ‌ ڕاوچی دەبێ لەم کەژ و کێوە هەڵێ!

ئـــــــــــــــــــاوات